


# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

ڕەشەمەی ٢٧١٠ ژمارە : ١١ February : 2011




## لەم ژمارەیە دا :


* پێشکەوتنێکی مێژوویی زمانی کوردی و هێندێک تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە ... بۆ لاپەرەی ٢
* دیپلۆماسی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانی گەشە بکا؟...بۆلاپەرەی ٧
* یادیک لە پرۆفیسۆر شاکرۆ خدۆ محۆ... بۆ لاپەرەی ١٢
* یادیک لە شاعیر و نوسەر و تێکۆشەر مارف ئاغایی ... بۆ لاپەرەی ١٢
* سالوەگەری ماڵئاوایی نیشتمانپەروەری کورد ئەحمەد موختار جاف بۆ لاپەرەی ١٣
* هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری ... بۆ لاپەرەی ١٤
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٦
* تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٧
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٨
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٩

بەبۆنەی ٢١ی فیوریە رۆژی جیهانی زمانی زگماكی

# پێشكەوتنێكی مێژوویی زمانی كوردیو هێندێک تایبەتمەندیی سروشتی ئەم زمانە

فاخیر پێنهانی

ئەم وتارە لە گۆڤاری "لیكۆلین" سەر بە ئەنیستیتۆی كورد لە ئاڵمان بە زاراوەی كورمانجی ژورووو بە پیتی لاتینی لە لایەن دوكتور زەردەشت حاجۆەوە نووسراوە و پێم باش بوو بۆ ساز كردنی پێوەندی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەكیی زمانی كوردی و لێک تێگەیشتنی زیاتر، ئەم وتارە بە كورمانجی سۆرانی بخرێتە بەر دیدەی خوێنەران و لە راستی و ناراستی و بیرو بۆچوونەكانی ئەم وتارە نووسەر بەرپرسەو ئێتر تەنیا بووینەتە ئامرازی گواستنەوەو وەرگێراِن.



سەرەتا:

بەر لەوەی دابەزینە نێو ناخی وتارەكە، گەرەكمە وەكوو دەسپێک نرخی زمان وەک ناسنامەی فەرهەنگیی گەلان بە گشتی و وەک ناسنامەی گەلی كورد بە تایبەتی بێنینە بەرچاوان.

من پێم باشترە ئەوە بڵێم بۆ ئەوەی كە ئێمە مێژووی زمانی كوردی و هێندێک تایبەتمەندیی ئەو زمانە باشتر بزانین پێویستیمان بەوە هەیە زمانی خۆمان بە هێندێک زمانی دیكەی پێشكەوتووی دونیا هەڵسەنگێنین.

دیارە هەمووومان لەسەر ئەوە هیچ كێشەیەكمان نیە كە "زمان ئەستوندەكی فەرهەنگی گەلانە". زمان نەتەنیا نیشانەی فەرهەنگ و وڵاتی كەسەكانە، بەڵكوو بۆ ناسین و ناساندنی پێناسەی كەس یان كەسانێک لەو وڵاتەی كە لێشی لە دایک بوونە گرینگترە. چونكە زمان بە درێژایی تەمەنی ئێمە بەرۆكی ئێمە بەر نادا، تەنانەت ئەو كاتەی چاری ناچار وڵات بەرەو تاراوگەو هەندەرانیش بەجێ دێڵین، زمان بەشێكی دانەبڕاوی بوونی ئێمەیە.

هەر لەو كاتەش دا " زمان مێژووو پاشە رۆژی گەلانە"، بۆیە دەڵێن زمان مێژووی گەلانە، چونكە تەنیا لە رێی زمانەوە دەكرێ لە رامانو بیرو بۆچوون و چۆنیەتیی تێروانین و باوەڕی پێشینیانی خۆمان تێبگەین و بەرهەم و شێوەی هزرو بیری وان كە بە نووسین، واتە زمان بە ئێمە دەگات شرۆڤە بكەین. هەروەها" زمان پاشە رۆژو داهاتوی گەلانە" چونكە تەنیا لە رێی زمانەوە دەكرێ بۆ داهاتوو وێنایەک برەنگێنین و بەرنامەیەک دارێژین.

به گشتی دەتوانین بڵێین، بەشی هەرە گرینگی پێناسەی گەلان زمانە.

دیارە تەواوی ئەو دەرەنجامانەی سەرەوە كە باسمان كردن بە گشتی و بە تایبەتی بۆ گەلی كورد زۆر گرینگترن. بۆ چی؟

چونكە كورد ئەمڕۆ بە داخەوە، نە خاوەن دەوڵەتێک و كیانێكی سەربەخۆیە كە لە دونیا بە رەسمی بێ ناسن،و بە گشتی نە دینێكی تایبەتیی هەیە كە ببێتە بەشێكی گرینگی ناسنامەكەی بۆ دەرەوە، بۆیە تەنیا پێناسەیەک كە دەتوانێ لە ون بوون و توانەوە بمانپارێزێ، و بە دونیامان بناسێنێ، زمانەو بەس!

هەر لە ژێر رووناكایی گرینگی و بەهای زمان، وەک رەمزی مانەوەی كورد و گەشە كردنی بیری نەتەوایەتی لە رێگەی زمانەوەیە كە ." بە شێوەیەكی گشتیو مێژوویی لەلایەن نەیارانو ناحەزانو داگیركەرانی وڵاتی كوردان بە هەموو شێوەیەكو بەردەوام هەوڵی لاواز كردنو لەنێو بردنی زمانی كوردی وەكوو فاكتۆرێكی سەرەكیی بوونی كورد، دراوە و بۆ ئامانجی هێرش و لە نێو بردنّ".

لە سەرەتاوە دەمهەوێ بێمە سەر باسی مانای " زمانی كوردی"و بپرسم، بەراستی زمانی كوردی یانێ چی و چ پێناسەیەكمان هەیە هەتا بڵێین ئەوەتا، ئەوەیە زمانی كوردی؟!

ئەو پرسیارەی هەر لە سەرەتاوە بۆ كەسێكی غەیرە كورد دێتە ئاراوە، ئەو پرسیارەی سەرەوەیە، چونكە دەوڵەتێكی ناسراوی كوردی بوونی نیە هەتا بڵێین، ئەوە زمانی فلان دەوڵەتی كوردییەو پێی دەڵێین زمانی كوردی.

كوردستان هەروەک هەموومان دەزانین لە لایەن٤ دەوڵەتی توركیاو ئێران و عێراق و سووریاوە داگیر كراوەو بەو پێیە نە دەوڵەتێكی یەكگرتووی كوردی هەیەو نە زمانێكی یەكگرتووو پێشكەوتووی كوردی.

دیارە ئەمڕۆ ئێتر ئەو باسە كە زمانێكی سەربەخۆی كوردی بوونی هەیەو بەسەر چەند زاراوەی جۆراوجۆردا دابەش دەكرێ و لەگەڵ زمانەكانی دیكەی دەوروبەری جیاوازیی هەیە، وەكوو راستییەكی زانستی روون و ئاشكرایەو سەلمێندراوە.

سەبارەت بە واقیعی بوونی زمانی كوردی وەكوو زمانێكی سەربەخۆ، لە سەدەی ١٩ ەوە هەتا ئەمڕۆش، دەتوانین بڵێین هەموو زمانزان و توێژەرانی زمان، كە لە سەر زمانی كوردی لێكۆڵینەوەیان ئەنجام داوە، لەسەر ئەم باوەڕە كۆكن كە زمانی كوردی زمانێكی تایبەتو سەربەخۆیە.

بەڵام لە سەدەكانی پێشتر بە هۆی خزمایەتی یەک لە نێوان زمانی كوردی و زمانی فارسی دا بەدی دەكرا هێندێک پێیان وابوو كە زمانی كوردی، زاراوەیەكی زمانی فارسیی تازەیە. بەڵام دوای سەدەی ١٩ زانایانی ناسراوو بە نێوبانگی بواری زمان لە ئورووپا وەک: مایۆرزیو گارزۆنی، ئالبێرت سۆجن، پیتێر لێرچ، ئەلكساندێر یابا، هۆگۆ ماكاس و فێردیناند یۆستی بە نووسینو لێكۆڵینەوەی زانستی روونیان كردەوە كە خزمایەتیی نێوان زمانی كوردی و فارسی، شتێكی زۆرترو نێزیكتر لە خزمایەتیی فارسی لەگەڵ زمانەكانی تری هیند و ئورووپایی نیە، واتا چەند دەتوانین بڵێین زمانی فارسی و ئاڵمانی و رۆمانی لێک نێزیكن و خزمایەتییان هەیە، هەر ئەوەندەش دەتوانین بڵێین كوردی و فارسی نێزیكایەتی و خزمایەتییان هەیە.

پیتر لرچ لە بەرهەمی خۆیدا بە ناوی die kurden und die Iranischen Forschungen uber

لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی دا سەبارەت بە خزمایەتیی نێوان زمانی كوردی و فارسی ئاوا دەپەیڤێ: بنەماو بنیاتی هەر دوو زمان گەلێک جیاوازییان هەیەو لێک دوورن، راستە باڵ و لک و پۆپی وێكچوویان زۆرە كە بوونەتە هۆی ئاوەدان كردنەوەی هەر دوو ماڵ و هەر بۆیەش ئەندامی ئەو دوو بنەماڵەیە لێک نێزیک دەبنەوە لێک تێدەگەن.

بەو شێوەیە پیتر لرچ دەیهەوێ بڵێ كە لە نێوان هێندێک زاراوەی كوردی بە تایبەت زاراوەی كورمانجیی ژێرین (لوری ولەكی)دا نێزیكایەتییەكی زۆرتر هەیە لە چاو زاراوەی كورمانجیی ژوورو (باكوور)و زمانی فارسی.

هێندێک بە ناو زمانزانی تورک بە مەبەست و بە شێوەیەكی نازانستی و تێكدەرانە تێدەكۆشن كە سەربەخۆیی زمانی كوردی بخەنە ژێر پرسیارو ئەو زمانە وەک:

" زمانێكی ناڕوون و بێریشەو بنچینەو زمانێكی تێكەڵ و پێكەڵ كە وشەكانی ئەم زمانە هەر یەكەی لە شوێنێک و زمانێک وەرگیراون و خانووی زمانی كوردییان دامەزراندوە." بە دونیا بناسێنین، هەر وەک دەسەڵاتداری تورک" بەدزی نویان" لە ساڵی ١٩٨٢ لە وتارێک دا بە ناوی " كورد و كوردی تورک" كە لە سەرەوە بەشێكمان هێنا نووسیویەتی.

رووزو ئاشكرایە كە ئەم شێوە هەوڵدانانەو ئەم جۆرە نووسینە نازانستییانە لە نێو كۆڕو كۆمەڵی شارەزاو زمانزان دا نرخ و بایەخێكی پێنادرێ، چونكە ئەوانە بە مەبەست و زۆرتر وەک پرۆپاگەندە و دژایەتی لەگەڵ بوونی زمانی كوردی و تەنانەت دژایەتی لەگەڵ بوونی نەتەوەیەک بە ناوی كورد نیشان دەدەن.

با لە بەرانبەر ئەم بیرو باوەڕو شۆڤێنانەی حكوومەتی تورک گوێ راگرین بۆ بیرو بۆچوونی مامۆستایەكی پایە بڵیندی ئاڵمانی كە لە زانكۆی شاری ێحژژب وانە بێژە. ئەو زمانزانە ئاڵمانییە بە ناوی

پرۆفیسۆر . دوکتور یوهانس مایر . ئینگورسن لەو باوەڕە دایە کە:

" ئەوە بە راستی خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی ئاشکراو بە مەبەستە، کاتێک بەردەوام تورکەکان دەڵێن کوردەکان عەشیرەتی تورکن (تورکی کێوی) کە بە شێوەیەکی سەرزارەکی فارسییەکی پرش و بڵاویان وەرگرتوە.

یەکەم: بەر لە هەر شتێک، زمانی کوردی لە باری زانستییەوە زمانێکی سەربەخۆیە و لە لایەکی تریشەوە بۆ وەڵامی تورکەکان دەبێ بڵێین، کورد و زمانی کوردی زۆر پێشترو زۆرتر لە تورک و زمانی تورکی لەو مەڵبەندە (کوردستان) لەسەر خاکی خۆیان بوونیان هەبووە.

لەلایەکی تریشەوە، مێژوو بە شێوەیەکی روون و لەبەر چاو ئەو راستییەمان بە پێچەوانەی بیرو بۆچوونی تورکەکان بۆ دەردەخات کە، لەو کاتەدا کە رۆژئاوای ئانادۆل وردە وردە بەرەو تورکیزە کردن دەرۆیشت، زمانی خۆماڵی‌و کۆنی کوردان زۆر پێشتر لە هاتنی عێل‌و عەشیرەتی تورکەکان سەربەخۆیی خۆی هەبووە."

سەبارەت بە پۆلین کردنی زمان لە بارەی بنەماڵەوە دەبێ بڵێین کە، زمانی کوردی لە دەستەی باکووری رۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە کە سەر بە بنەماڵەیەکی گەورەتر بە ناوی زمانەکانی هیندو ئوروپاییە. بەو پێیە، زمانی کوردی لە زمانەکانی دەوروبەری خۆی تەنیا دەکرێ بڵێین خزمایەتی لەگەڵ زمانی فارسی دا هەیە.

زمانی عەرەبی و زمانی تورکی هەر یەکەی سەر بە بنەماڵەیەکی زمانیی جیاوازن و زۆر لە کوردی دوورن. تەنیا ئەوە نەبێ کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی کوردی و ئەو زمانانەدا هێندێک شوێندانان لە باری زمانی سەرزارەکی و لە باری رێزمانی یەوە بەرچاو دەکەوێ.

لێرەدا دەبێ ئەو راستییە لەبەر چاو بگرین کە دوای موسوڵمان بوونی کوردەکان و زاڵ بوونی زمانی عەرەبی لە رێگەی ئایینەوە . هەر وەک چۆن زمانی عەرەبی لە سەر زۆر زمانی دیکەش شوێنی داناوە . کاریگەرییەکی بە رێژە زیاتری لەسەر زمانی کوردی بەجێ هێشتوە.

نەبوونی زمانێکی یەکگرتووو پێشکەوتووی کوردی، هەتا ئێستاکەش بە راستی جێگای داخ و مخابنە، کە ئەو باسە پێویستیی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی زیاترە. جیا لەوەش، لە نێو زمانی کوردی دا زۆر زاراوەی هەرێمیی لێک جیاواز بوونیان هەیە. دیارە ئەوەش راستەوخۆ هەڵقوڵاوی باری نالەباری کورد بە گشتی بە درێژایی مێژووی پڕنەهامەتیی ئەم گەلەیە.

هەل و مەرجی رامیاریی زاڵ بەسەر کوردستاندا هیچ کات ئەو رێگەیەی بە کورد نەداوە تاکوو ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی‌و زمانێکی ستانداردو پێشکەوتوو بخوڵقێنێ‌و پەرەی پێبدا.

## زاراوەکانی زمانی کوردی کامانەن و لە چ مەڵبەندێک بەکار دەهێنرێن؟

ئەو خاکەی کە خەڵکەکەی بە زمانی کوردی (بە گشت زاراوەکانیەوە) دەپەیڤن، پانتاییەکی ٥٠٠/٠٠٠ کیلومیتریی چوارگۆشە لە خۆی دەگرێ.

سنووری باشووری ئەم خاکە (کوردستان) لە باکووری کەنداوی فارسەوە دەست پێدەکاتو بەرەو باکوور هەڵ دەکشێ و بە قەراغ ویلایەتی ئازەربایجانی ئێرانداو بەسەر زەریاچەی ورمێ دا تێپەڕ دەکات و بە بەشێکی بچووک لە وڵاتی ئەرمەنستان دا دەرباز دەبێ و لە ئەرەزرووومێ بەرەو سێواس و مەرعەش دەڕواو لە رۆژئاوا دەگاتە عەمرین (کوردستانی سووریە)و لە باشووری رۆژئاوا دەچێتەوە باشوورو بە شەنگارو موسڵدا تێپەڕ دەبێ و دەچێتەوە بەرە و شوشتر (شوشتەر)و دەگەڕێتەوە باکووری کەنداوی فارس.

سەبارەت بە رێژەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی هیچ سەرژمێرییەکی فەرمی و رێک و پێک و جێ باوەڕ هەتا ئێستاش لەبەر دەست دا نیە، بەڵام دەگوترێ کە رێژەی کورد دەگاتە ٤٠ میلیون کەس.

زمانی کوردی یان بە واتایەکی تر زمانی کورمانجی بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ و هەر زاراوەیەکی سەرەکیش خاوەن چەند زاراوەی دەورانپشتە:

### ئەم دوو بەشە ئەمانەن:

کورمانجیی ژووروو (باکوور)

کورمانجیی ناوین

ئەگەر خەتێکی گریمانەیی لە ورمێ وە بۆ رەواندوزو هەولێر بکێشین و وەک سنوور دابینێن دەتوانین ئەم دوو بەشە لێک جیا بکەینەوە.

لەسەرەوەی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان ئەگەر ناوچەی (بینگۆل و دەرسیم)ی لێ هەڵاوێرین بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، هەروەها لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەم خەتە زۆربەی کوردەکان بە کورمانجیی ناوین دەئاخێون.

کورمانجیی ژوورو(باکوور) بۆ خۆی بە سەر سێ زاراوەدا دابەش دەکرێ:

١- کورمانجیی مەڵبەندەکانی دهۆک، حەکاری، جزیرو شرناخ کە بە زاراوەی بادینانی و بۆتانی دەناسرێن.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەی بڵێین زاراوەی بۆتانی.

٢- کرمانجیی مەڵبەندەکانی ورمێ، شەنگال، سێرت، ئامەد، باتمان، مێردین، حەسەپە، عەفرین، روحا، ئاگری، قەرسو هەروەها کوردەکانی قەفقازیاش.

دەکرێ بەگشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بڵێین زاراوەی شەنگالی.

٣- کورمانجیی مەڵبەندەکانی دیلۆک (عەنتاب)، سەمسور (ئادیامان)، مەرعەش، ئەرزەنجان و هەروەها کوردەکانی خوراسان.

دەکرێ بە گشتی بە زاراوەیەی ئەم مەڵبەندانەش بگوترێ زاراوەی مەرعەشی.

کورمانجیی ناوین (بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ:

سنەیی، سلێمانی، ئەردەڵانی، کەرکووکی، گەرمیانی، هەولێری، سۆرانی، موکری، شارباژێری، پژدەری.

### زاراوەکانی تەنیشتی زمانی کوردی (کورمانجی)

لە زمانی کوردی دا جیا لە دوو زاراوەی سەرەکی، زاراوەی تریش هەنە:

١- کورمانجیی ژێرین(خواروو) کە بە گشتی ئەم زاراوانە لە خۆی دەگرێ وەک:

فەیلی، کرماشانی، لەکی، خانەقینی، لوری.

٢- کرمانجی (کە بە شێوەیەکی نازانستی بە زازاکی ناسراوە)

١- گۆرانی (هەورامی)

٢- کرمانجیی (زازاکی)

ئەم زاراوەیەی زمانی کوردی کە هەتا ئێستاش بە شێوەیەکی چەوتو نازانستیانە بە زازاکی ناسراوەو ئەو کوردانەی بەم زاراوەیە دەپەیڤن، کاتێ باسی زمانی خۆیان دەکەن، قەت بە خۆیان نائێن زازا، بەڵکوو دەڵێن، " زۆنێ مە"، واتا زمانی ئێمە یان بە خۆیان دەڵێن "کرمانجی" لە زۆر شوێن و مەڵبەندی نیشتەجێ بوونی ئەم کوردانە (لە باکووری کوردستان) کە بەم زاراوەیە دەئاخێون، دەنگی (ش) وەک (س) بە لێو دەکەن‌و دەنگی (ژ) دەکەنە (ز).

زۆر دوور نیە کە ئەو بەشە لە کوردەکانی باکووری کوردستان کە زۆربەیان بە کورمانجیی ژووروو دەپەیڤن، بۆ پێکەنین وەک گاڵتە پێکردن پێیان گوتبن "زازا"!

دیارە راستیی ئەم بۆچوونە زیاتر کاتێک ئاشکرا دەبێ کە بزانین کوردی کرمانجی (زازا)ش بەو کوردانەی کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەئاخێون دەڵێن" هەرە . وەرە"! ئەگەر ئێمە" هەرە . وەرە" وەک ناوی ئەو بەشەی خەڵکی کورد کە بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەپەیڤن هەڵبژێرین! دیارە دەشتوانین بە کوردیی کرمانج و زاراوەکەیان بڵێین "زازا"! (کە بە راوەڕی هەموومان چەوتە). لە لایەکی¬ترەوە، ئەگەر بەراستی "هەرە . وەرە" دەتوانێ وەکو ناوێکی زانستی‌و مێژوویی بێتە ئەژمار؟! دیارە "زازاش" دەتوانێ ناوێکی مێژوویی‌و زانستی بۆ بەشێک لە خەڵکی کورد بێ!؟ ناوێکی دیکە کە بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دەبرێ، "دملی" یان "دوملی"یە کە ئەویش چەوت و ناڕاستە، چونکە دملی ناوی هۆزو عەشیرەتێکی کوردە، نەک زاراوەیەکی کوردی. ئەوجا هەر بەوەندەش نەوەستاون، هێندێک کەس و نووسەر کە وشەی "زازا" بەلایانەوە چەوت و ناڕاستە، وشەی " کوردکی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار دێنن.

سەرچاوە Serchawe

دیارە وشەی "کوردکی"یش بنەمایەکی مێژوویی نیە، بەڵکوو هێندێک نووسەرو زمانزانی کورد، بۆ خۆ رزگار کردن لە دەستی وشەی "زازاکی" ئەم وشەیان داتاشیوەو بەکاری دێنن.
بە لەبەر چاوگرتنی تەواوی ئەم کۆسپانەو وشە ناڕاستانە من بە باشی دەزانم کە ئێمە، کورد لە کاتی نووسین و ئاخافتن دا خۆ لە دەست وشەی "زازا"و "دملی"و "کوردکی" رزگار بکەین‌و لە شوێن ئەوان دا، وشەی "کرمانجی" بۆ ئەم زاراوەیە بەکار بێنین.
لەمەودوا هەر کاتێ وشەی "کورمانجی" بەکار دێنن مەبەستمان هەموو زاراوەی زمانی کوردی یان بە واتایەکی تر، مەبەستمان زمانی کوردی یە وەک، کورمانجیی ژووروو (باکوور) کورمانجیی ناوین، کورمانجیی ژێرین و کرمانجی و گۆرانی و هەر کاتێ دەبێژین کرمانجی، مەبەستمان ئەو زاراوەیەیە کە هەتا ئێستاش بە چەوتی " زازاکی و دملی و کوردکی"ی پێ دەگوترێ.
دیارە هەتا ئەم راستییە لە نێو هەموو کورداندا جێ دەگرێ کات دەبات و پێویستە کوردەکانی (باشوورو رۆژهەڵاتیش) کە هەتا ئێستاش تەنیا بە کوردی باکوورو رۆژئاوا (تورکیەو سووریە) دەڵێن کرمانج، جیاوازیی نێوان "کورمانجی" وەک زمانی کوردی بە گشتی و "کرمانجی" وەک زاراوەیەکی کوردی هەست پێبکەن و خۆیان لە رای ئێمە نزیک بکەنەوە.
زاراوەی کرمانجی خۆی بەسەر دوو دەستەدا دابەش دەبێ:

١- بن زاراوەی دەرسیم (کرمانجیی رۆژئاوا)
٢- بن زاراوەی بینگۆل (کرمانجیی رۆژهەڵات)

بە گشتی نزیکەی 3 میلیون کورد لە باکووری کوردستان لەو مەڵبەندانەی خوارەوە بە زاراوەی کرمانجی (زازا) دەپەیڤن:
دەرسیم، بینگۆل، ئەل ئەزیز، خارپوت، ماندین، پالۆ، دەوروبەری ئامەدو سوێرەکێ.
شتێکی سەرنج راکێش ئەوەیە کە هەر چەند مەڵبەندو شوێنی زاراوەی کرمانجی (زازاکی)و گۆرانی (هەورامی) لە باکوورو باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان گەلێک لێک دوورن، بەڵام نزکایەتی و وێکچوونێکی زۆر لە نێوانیاندا دەبیندرێ.
ئەوەش دەتوانین بۆ ئەوە بگەڕێنینەوەو وای لێک دەینەوە کە بە ئاخێوەرانی ئەم دوو زاراوەیە ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا پێکەوەو لە یەک شوێن نیشتەجێ بوون، بەڵام بەهۆی بەسەرهات و کارەساتە مێژووییە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان لێک دابڕانو یانیش بەشێک لەو کوردو عەشیرەتانە بە خواستی خۆیان بۆ مەڵبەندێکی تر کۆچیان کردبێ.
سەبارەت بە هەلومەرجی ئێستای ئەدەبیاتی نووسراوی زاراوەی کرمانجی (زازاکی) دەتوانین بڵێین تێکۆشان و بەرەوپێش چوونێکی باش بەدی دەکرێ.
نووسەری کرمانج (زازا) پێشتر بە گشتی بەرهەم و نووسراوەکانیان بە زمانی کورمانجیی ژووروو (باکوور) دەنووسی، بەڵام ئێستا ئاورێکیان لە زاراوەی خۆیان داوەتەوەو خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم زاراوەیەن.
ئەوەش بۆخۆی جێگای شانازی و پێزانینە، چونکە دەبێتە هۆی بەرە و پێش بردن و پاراستنی زاراوەیەکی کۆنی کوردی کە بەرەو لە نێوچوون دەچوو، رزگار کردن و بەرەوپێش بردنی ئەم زاراوەیەش دەبێتە هۆی دەوڵەمەندتر بوونی زمانی نەتەوەیی کوردی.

## گۆرانی (هەورامی)

زاراوەی گۆرانی لە ناوچەکانی هەورامان، زەنگەنەو کەرکووک درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. هەروەها کوردەکانی کاکەییش بەم زاراوەیە دەئاخێون.
زاراوەی گۆرانی پێشتر وەکوو زمانی ئەدەبیی کوردی دەناسرا ئەم زاراوەیە سەردەمێک وەکوو زمانێکی پێشکەوتووی نووسراو، لەلایەن میرانی ئەردەڵان و تەنانەت میرانی بابانیش بەکار دەهاتو زۆر شاعیری بەناوبانگی کورد وەک، خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی . بەم زاراوەیە شێعرو دیوانیان جێ هێشتوە.

## بەرەوپێشچوونی مێژوویی زمانی کوردی

الف) بناخەو بنەمای زمانی کوردی هەر وەک پێشتریش باسمان کرد، ئەگەر ئەم سێ پارێزگایەی باشووری کوردستان (هەولێرو سلێمانیو دهۆک)ی لێ دەرکەین . هەرچەند ئەوانیش هەتا ئێستا سەقامگیریو متمانەیەکی تەواویان لە باری سیاسییەوە وەدەس نەهێناوە . زمانی کوردی بە گشتی بێخاوەن و بێدەوڵەتە.
لە لایەکی ترەوە هیچ کات لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکانی وڵاتانی زاڵ بە سەر کوردستاندا نیە کە رێگە بدەن، لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی چڕوپڕ دەربارەی زمانی کوردی بکرێ. تازە بەوەش رازی نابن، لە رێگەی هاوپەیمانەتیی ئەم وڵاتانە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەکی و بە هۆی بوونی بەرژەوەندیی ئابووری جەخت و فشار دەخەنە وڵاتانی بیانییش بۆ ئەوەی رێگا بە بەرەوپێشچوونی زمان و فەرهەنگی کوردی لە وڵاتانی تریش بگرنو بەو شێوەیە زمان و کولتووری ئێمە بەرەو نابوودی و نەمان بەرن.
هەتا ئەو جێگایەی ئەم رێژیمە داگیرکەرانە بۆیان دەس بدات دەبنە لەمپەرێک لە بەردەم دامەزراندنی بەشی کوردیناسی (logi kurdo) لە زانکۆکانی ئەم وڵاتانەو لەم بوارەش دا هەرچی لە دەستیان بێ دریغی ناکەن.
زۆرجار دەسەڵاتدارانی وڵاتێک (بە تایبەتی لە ئورووپا) دەیانهەوێ بەشێکی کوردیناسی لە زانکۆکانیان دابمەزرێنن، بەڵام دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، نارەزایەتی دەردەبڕنو وای دادەنێن کە ئەم وڵاتانەی رێگە بە بەرەو پێش چوونی زمان و کولتووری کوردی دەدەن، دەستیان خستۆتە نێو کاروباری نێوخۆی ئەم وڵاتانەو ئەوەش بە پێی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان شتێکی نائاسایی و قەدەغەیە. هەر لەبەر ئەم هۆیانەیە کە هەتا ئێستاش نە لە نێوخۆی کوردستان (لە تورکیە و ئێران و سووریە)و نە لە دەرەوەی وڵات، لێکۆڵینەوەو خەباتێکی زانستیی چڕوپڕ بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی نەکراوە. تەنانەت ئەگەر لە ئورووپا یان هێندێک وڵاتانی تر کەسانێک وەکوو خولیاو حەزێکی تاکەکەسییش بخوازن لە سەر زمان و فەرهەنگی کوردان لێکۆڵینەوە بکەن لە لایەن دەوڵەت و کاربەدەستانی خۆیان تووشی زۆر گرفت و بایەخ پێ نەدان دەبنەوە.
ئەو کەسانە لە زانکۆکان بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆکان تووشی گیروگرفت دێن، چونکە سەرۆکی زانکۆش راستەوخۆ پێوەندیی بە وەزارەتی پەروەردە یان لێکۆڵینەوەی زانستییەوە هەیەو ئیمکان و پارەو پشتیوانی کردن بۆ هەر پرۆژەیەک لەلایەن حکوومەتەکانەوە دابین دەکرێ و بڕیاری هەبوون و نەبوونی، بۆ وێنە (زمانو کولتووری کوردی) لە فلان زانکۆ لە لایەن حکوومەتەوە دەردەچێ و ئەوانیش قازانج و بەرژەوەندیی وڵاتی خۆیان بە لاوە زۆر لە بەرەو پێش چوون و بوژانەوەی زمانی کوردی گرینگترە. لە لایەکی تریشەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێکو زانایەکی ئورووپایی بە ئیمکان و پارەی خۆی وەک حەزێکی تاکەکەسییش لە دەرەوەی دامودەزگای دەوڵەتی، ئیشێکی باش بکاو لێکۆڵینەوەیەکیش بکا، بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەو فرۆشتنی بەرهەمەکانی دیسان تووشی زۆر گرفتو نەهامەتی دەبێ و ئەو کەسە لە کۆمەڵگای خۆی دا بە تەنیا دەمێنێتەوەو مامۆستا هەژار گوتەنی "کەس هیچی بە کڵاوی ناپێوێ".
تازە سەرباری هەموو دەردان، جار و بارە لێرەو لەوێ هێندێک زاناو مامۆستای ئورووپایی دەر دەکەون وەک "مەیموونی لۆتی" بە هەوای سازی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەڵدەپەڕن و لەژێر ناوی زانا بوون و مامۆستا بوون داو بۆ وەدەسهێنانی دڵی شۆوێنیزمی تورکی و دەسەڵاتدارانی تورکیە، لە تورکەکان بە لەزترو راشکاوانەتر فەرمایشتان دەفەرموون کە: "زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆ نیەو زاراوەی کرمانجی (زازاکی) زمانێکی تایبەت و جودا لە کوردو سەربەخۆیە" و لە بەختی رەشی ئێمە ئەوانیش دەبن بە بەشێک لە بەرەی دژی کورد و داردەستی دوژمنانی کورد.
بە داخێکی زۆر گرانەوە ئەو کوردانەش لە وڵاتانی دەرەوە توانیویانە پلەو پایەی زانستی بەرز لەسەر زمان و زمانزانی وەدەس بێنن، بەهۆی کارو ئیش و کێشەی خۆبەڕێبردن بۆیان ناکرێ وەک دەبێ رۆژی 8 . 6 کاتژمێر بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام لەسەر زمان و پرۆژەکانی پێوەندیداری زمان و وێژەی کوردی لێکۆڵینەوە بکەن.
مامۆستاو زانای کوردیش کە بە دەگمەن لە بواری بەرزی زانستی زماندا دەبینرێن پێوستە 8 . 6 کاتژمێر هەر رۆژ وەک هەموو کەسێکی دیکە بە شێوەیەکی بەردەوام لەو بەشەی کاری پێسپێردراوە ئیش بکا هەتا ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی راپەڕێنێ و کاتێ بە شەکەتی و بێهێزی دەگەڕێتەوە ماڵ، تازە دەبێ ئەگەر خاوەن هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی زۆر بەهێز بێ دەست بداتە قەڵەم و بە بێهێزی و ماندوویەتی و بێ دەرفەتی پەرتووکێک یان وتارێک سەبارەت بە زمان بەرهەم بێنێ.
بە لە بەرچاوگرتنی هەمووی ئەم کەم و کوڕییانە کە ئێمە وەک کورد بە گشتی بە دەستیانەوە دەناڵێنین، زانیاری و ئاگاداریی زانستیی ئێمە لەسەر زمانی کوردی زۆر کەم و کورتەو هەرکات دەمانهەوێ سەبارەت بە مێژووی زمان و وێژەی کوردی بنووسین و دەستمان بە باوەڕێکی زانستیی گیربێ، پەنا دەبەینە بەر سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی کەسانی بیانی، بەتایبەت سەدەی 19 زایینی، کە یەک

سەرچاوە
Serchawe

لەوان، "فردیناند یوستی" یە، کە باوەڕی وابوو هێندێک ئاماژەو نیشانە لەبەر دەستن کە دەتوانین باوەڕ بکەین کە زمانی کوردی زمانێکی مێژوویی و کەوناراو زیندووو لەسەر پێیانەو دەکرێ پاشماوەی زمانی میدیاکان بێ. "یوستی" لە پەرتووکەکەی دا لە ساڵی ١٨٨٠ ی ز، لە پیترز بورگ بە ناوی "گرامێری کوردی grammartic Kurdish" چاپو بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: "زۆر دووری نابینم، کە زمانی میدیاکان کە ئێستا بوونی نەماوە لە نێو وشەکانی زمانی کوردی دا خۆی پاراستبێ".

هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ "ویلادیمیر مینورسکی" پاش لێکۆڵینەوەو هەوڵدانێکی زانستیی زۆر گەیشتۆتە ئەو ئاکامە کە لەنێوان زمانی میدیاکان و زمانی کوردی دا پێوەندی هەیە.ئەو لەسەر ئەم رایەیە کە هەموو زاراوەکانی کوردی لە بنچینە و بنەمادا یەکیەتییەکی دیارو پێوەندییەکی ریشەییان پێکەوە هەیە. ئەوە وامان لێ دەکات بگەینە ئەم باوەڕە، کە زمانی کوردی بەگشتی زمانێکی سەربەخۆو تایبەتمەندە و دەکرێ بڵێین نەتەوەیەکی مەزن و گرینگی وەک میدیاکان بەو زمانە ئاخاوتوویانە.

بەڵام بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەست هەتا ئەمرۆش، دەڵێن لە زمانی میدیاکان تەنیا ١٢ وشە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە کە ئەوانیش نیوەی گوندو مەڵبەندی جۆراجۆرن و ناتوانن ببنە بنەمایەکی زانستیی تەواوو بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی کۆتایی.

ب) سەرەتای وێژەو زمانی نووسراوەی کوردیو بەرەوپێشچوونی هەتا ئەمرۆ بەو لێکدانەوانەو لێکۆڵینەوانەی کە هەتا ئێستا کردوومە، مرۆڤ لەم رایە نزیک دەبێ کە زمانی کوردی لە مێژووی خۆی دا هەتا ئەمرۆکەش تەنیا بە دوو زاراوە سەرەکییەکەی (کرمانجیی ژووروو . کرمانجیی ناوین) نووسراوەتەوە.

دیارە هەر یەک لەو زاراوانە خاوەن رابردووو مێژوویەکی درێژوو تێکەڵ و ناهەموارن. هەرچەند وەک دەزانین زمانی کوردی زمانی رەسمیی هیچ دەوڵەتێک نیەو هێزێکی سیاسیی لە پشت نیە کە بەرەو پێشی ببات و بیپارێزێو هەروەها زمانێکی یکگرتووو ستانداردی کوردیش بوونی نەبووەو نیە، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی تەواوی ئەم گیروگرفتانەش، دیسان زۆر نووسراوەو بەرهەمی بە توانا بە هەر دووک زاراوەکە دەرکەوتوونەو پێشکەش کراون.

ئێمە دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین کە هەر دوو زاراوەی سەرەکیی کوردی لە زمانێکی فەرمی و خاوەن دەوڵەت نزیک بوونەتەوە. (کە ئەوە دەوڵەمەندیی زمانی کوردی دەگەیەنێ).

مێژووی زمانی نووسراوی کوردی کە ئەمرۆ لەبەر دەستمان بێ، لە سەدەی 11 زایینییەوە بە هەڵبەست و شێعری شاعیری کورد عەلی حەریری دەست پێدەکات.

ڕۆژهەڵاتناسی رووسی "ئەلکساندێر یابا" لە پەرتووکی خۆیدا بە ناوی: notices et reeits kurdes Reeuil de

ئاوا دەنووسێ: "یەکەم شاعیرو هەڵبەستوانی کوردان عەلی حەریرییە ... ئەو لەنێوان ساڵەکانی ١٠٠٩و ١٠١٠ زایینی دا لە دایک بووە."

ئاستی ئەدەبیاتی کوردی لە سەدەکانی ١٥ ، ١٦ ، ١٧ ، ١٨ ، بە ناوی شاعیرانی کورد وەک ئەحمەد مەلای باتێ، فەقێ تەیران، مەلای جەزیری، سەلیم سلێمان، ئەحمەدی خانی، فارس بەدلیسی، پەرتەو بەگی حەکاری، شێخ خالیدو سیاپۆش خەملاوە.

ئەدەبی کوردی لە سەدەی ١٩ی ز. دا بە هەردووک زاراوەی سەرەکیی کوردی زۆرتر بەرەو ناسیۆنالیزم و نیشتمانپەروەریو جۆرێک لە رۆمانتیک هەنگاو دەنێ.

لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە، زمانو ئەدەبی کوردی بەرەو باسێکی ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان و بەرەو سیاسەت رۆیشت و ئەم رەوتە هەتا ئێستاش بە شێوەیەک بەردەوامە.زمانزان، رۆژنامەنووس، نووسەرو سیاسەتمەداری کورد میرجەلادەت عالی بەدرخان کە گۆڤاری "هاوار" ی لە ١٥ تەباخی ١٩٣٢ی ز. دەرکرد، یەکەم کەس بوو کە رێزمانی بۆ زاراوەی کرمانجیی ژووروو (باکوور) داناو بوو بە بناخەیەک کە هەتا ئێستاش ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دەنووسینو دەخوێنینەوە.

ئێمە دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە میرجەلادەت بەدرخان ژیانی خۆی بۆ رێکخستنی زاراوەی کرمانجیی ژوورووو دانانی رێزمان تەرخان کرد، ئەم بەشە لە کوردەکان بوون بە خاوەنی زمانێکی نووسراوەیی، رێکوپێکو هەتا رادەیەک پێشکەوتووو بوونی هێندێک گیروگرفتی راست نووسین و جیاوازیی شێوەی دەربڕینی وشەکە هەتا ئێستاش بە تەواوی چارەسەر نەبووە، ناتوانێ لە نرخی ئەم راستییە کەم بکاتەوە. داخوازو داواکاریی من لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و دەسەڵاتدارانی بواری فەهەنگو زمان لەم بەشە لە کوردستان ئەوەیە، لەو مەڵبەندانەی خەڵکەکەی بە زاراوەی کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن، دەس لە پیتی عەرەبی بۆ نووسینی زمان بەردەن و ڕێگە بدەن خوێندکارو قوتابیانی کورد لەم دەڤەرانەدا بە پیتی لاتینی بنووسن و بخوێننو رێزمانی میر جەلادەت بەدرخان وەک بنەماو ئەساس وەربگیرێ، هەتا پێوەندیی زیاتر بەرقەرار ببێ لەنێوان ئەو کوردانەی بە کرمانجیی ژووروو دەپەیڤن.

هەرچەند لە زاراوەی کرمانجیی باکووردا لەنێوان بن زاراوەکانی مەڵبەندە جۆراوجۆرەکاندا هێندێک جیاوازیی دەبینرێ، بەڵام ئێستا ئۆگران و خوێنەرانی ئەم پەرتووکە کوردییانەی لە باکووری کوردستان یان لە دەرەوە (زۆربەیان لە ئورووپا) چاپ و بڵاو دەبنەوەو دەکەونەوە کوردستان، لایەنگرانی خۆیان هەیە و خەڵک بە گشتی لە مەڵبەندە جیاوازەکانیش کەم کەم بەو زمانە یەکگرتووە راهاتوون. لەم چەند ساڵانەی دوایی دا هێندێک فەرهەنگ (وشەدان)ی کوردی . تورکی ئامادە کراون کە ئەوان یارمەتیی خەڵک دەدەن هەتا لە وشەی مەڵبەندەکانی تریش تێبگەن و خۆیان لە ناوچەگەری دەرباز بکەن و ئەو زمانە نووسراوە جێی خۆی باشتر بکاتەوە.

هەروەک زاراوەی کرمانجیی ناوین کە ئێستا خەڵکی هەموو ناوچەکان لە باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستان پێی راهاتوون و فێری بوونو بەرەوپێش دەچێت.

هەرچەند لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کە جیاوازییەک هەیە، ئەویش ئەوەیە بە خۆشییەوە، نزیکی نیو سەدەیەک دەبێت کە هەلومەرجێکی، باشتر بۆ زاراوەی کرمانجیی ناوین رەخساوەو لە قوتابخانەکان و زانکۆکان دەرسی پێدەخوێندرێ و بەرەوپێش دەڕوات. لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە هەتا ئێستاش بە جۆش و خرۆشێکی زۆر زمان و ئەدەبی کوردی بە زاراوەی کرمانجیی ناوین خەریکی خۆتەیار کردنە و بە هەزاران پەرتووک و گۆڤارو رۆژنامە بەو زاراوەیە نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، بەجۆرێک کە بەراستی ئەمرۆ دەتوانین بڵێین، ئەم زاراوەیە بەرەو پلەی زمانێکی یەکگرتووی پێشکەوتووو خاوەن دەوڵەت هەنگاو دەنێ.

بە داخێکی گرانەوە بەپێی هەل و مەرجی سیاسی و نەبوونی ئیمکانی لەبار بۆ ئەم زاراوەیە هەتا ئێستاش بە پیتی عەرەبی دەنووسرێتەوەو ئەوە بۆتە هۆی دوور کەوتنەوەی کوردەکانی باکوور لە بەشەکانی ترو لێک تێنەگەیشتن و لێک دابڕانی نووسەران و رووناکبیرانی ئەم زاراوەیە.

سەبارەت بەم گیروگرفتانە دەبێ بڵێم، کێشەی نووسین بە پیتی عەرەبی لە داهاتوودا وەکوو مەترسییەکی گەورە دەبینم لەسەر پێکهاتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد.

سەرەڕای ئەوەش، نەتەنیا لەباری زمانەوانییشەوە کە . پیتی عەرەبی بۆ بنەماڵەی زمانە سامییەکان دامەزراوە و نووسراوە . بەڵکوو لەباری سیاسییشەوە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دا نیە کە بە پیتی عەرەبی زمانەکەی بنووسێتەوە.

هەر بۆیە داواکاری ئێمە لە بەرێوەبەران و دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە بڕیارێکی مێژوویی بدەن و هەل و مەرجێک پێک بێنین کە هەنگاو بە هەنگاو لە پیتی عەرەبی دوورکەوینەوەو بە پێی پلان و ساڵ بە ساڵ بەرەو نووسین بە پیتی لاتینی بڕۆین.

بەخۆشییەوە ئێستا تێکۆشان و خەباتی نووسین و پەرەپێدان بە زمانی کوردی لەنێو هەردووک زاراوەی سەرەکیی کوردی دا دەبینین. کەم نین ئەو کەسانەی بە هەستێکی بەرزو دڵێکی گەورەوە خەریکی نووسینەوەی چیرۆکی جۆراوجۆرو هەڵبەست و شێعرو پەندی پێشینیان و زۆر شتی دیکەی کوردین و لە فەوتان رزگاریان دەکەن و دەیانپارێزن و دەیاننووسنەوە.

ج) زاڵ بوونی وشە بیانی یەکان (ferenz inter) لە زمانی کوردی دا

کاتێ ئێمە بە مێژووی ئەدەبی خۆماندا دەچینەوە، زاڵ بوونی وشەی عەرەبی و فارسی لە ئاسەوارە نووسراوەکانی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی و ... زۆر کەسی دیکەش بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ و قورسایی زمانی بێگانە لەسەر زمانی کوردی زۆر زەق و بەرچاوە.

کەچی نووسراوی نووسەرانی ئێستامان بەرێژەیەک توانیویانە لەچاو بەرەی نووسەرانی رابردوومان خۆیان لە کۆت و زنجیری زمانە بێگانەکان رزگار بکەن، بەڵام نە بە تەواوی. دیارە زمانەکەمان وەک باری سیاسیی خەڵکی کورد بە بندەستی و ژێردەستی درێژەی بە ژیانی خۆی داوە و جارێکی دیکە دەخوازێ خۆڵ و خاشاکی بندەستی لەسەر رووی لا بدات و وەک زمانێکی تایبەت و زیندوو خۆی بسەلمێنێ. دیارە هەر ئەو زوڵم و زۆرە بە درێژایی مێژوو وای لێ کردووین، کە ئاخێوەرانی زمانی کرمانجی (کوردی) مەترسی ئەوەمان لەلا پەیدا بێ کە زمانەکەمان بە هێرشی زمانی بێگانە بەرەو لە نێو چوون دەچێ. بۆیە "پاراوکردنی زمان" وەکوو قەڵغان بۆ مانەوەو نەفەوتان لە دژی ئەم هێرشانە بەکار دێنین.

سەرچاوە Serchawe


هەرچەند هێندێک بیروبۆچوون هەیە، دەبێژن، "سۆزو پێداگری بۆ پاراوکردنی زمانی نەتەوەیی" نیشانەی جۆرێک لە خۆپشت راست بوون و زمان پەرەستییە.
بەڵام بە پێچەوانە سۆزداری بۆ زمانی نەتەوەیی، بەو مانایەیە کە ئەو زمانە بگاتە ئاستێک چوارچێوە و مۆرکێکی نەتەوەیی تایبەتی پێوە دیار بێ و وەکوو زمانێکی سەربەخۆ کە خاوەن شێوازو بنەمایەکی دارێژراوی خۆماڵی و کوردی بێ چاوی لێ بکرێ.
دیارە گەیشتن بەو ئاستە، ویستو داخوازی هەموو کوردێکی وشیار وەکوو پێویستییەک بۆی دەڕوانین و ئەگەر ئەو یەکیەتییە لە زمانی کوردیدا جێ بگرێ مایەی شانازی و سەرفرازیی هەموو کوردێک دەبێ و بە سینگێکی فراوانەوە بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی هەوڵ دەدرێ.
ئەو داخوازەی کە دەڵێ: زمانی کورمانجیی (کوردی) پاراو پاکژ بکرێ و بگەڕێتەوە سەر ئەساس و بنەمای خۆی و ببێتەوە زمانێکی زەلاڵی کوردی، نیشانەی شۆڕش و سەرهەڵدانێکە لە زمانی کوردی دا.
ئەم شۆڕش و سەرهەڵدانە بۆ خۆ پاراستن لە دژی زمانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان کە مەبەستیان، ژێردەست کردن و لەنێو بردنی زمانی کوردییە سەری هەڵداوە.
دیارە دروشمی پاراو کردنی زمان، بە پێچەوانەی بیروڕای هێندێک کەس، لە بیرێکی نەتەوە پەرستانەی چاوچنۆک و وشکەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەو هەستە شتێکی سروشتییە کە هەموو نەتەوەیەکی پێشکەوتوو بۆ پاراستن و گەشە پێدانی زمان و کولتووری خۆیان لە سەری سوورن.
دیارە ئەم هەستە، واتە حەز کردن لە زمانی دایک، شتێکی ئاسایی و سروشتی یە و منداڵ چۆن لە سەرەتاوە بەو زمانە گەورە دەبێ و تیکەڵاوی ئەو زمانە دەبێ و ئەوە مافی خۆیەتی، پاراستنی ئەم زمانەش ئەرکی سەر شانی ئەوە.
بەڵێ زمانی کورمانجیی (کوردی) ئەستوندەکی ماڵی کوردان و بە هێزترین پێناسەی نەتەوەیی کوردانە.
زمانی کوردی باری کولتوورو ناسنامەی کوردی لە سەر شانەو پاراستویەتی و وەکو هێمایەکی سیاسی یە بۆ مانەوەی کورد و قەڵای پارێزەری ئەم گەلەیە و دەبێتە هۆی رزگار بوونی دوارۆژمان.لە ئاکام داو بەرهەمی باسەکان:

## زمانی کوردی و زاراوەکانی ئەم زمانە:

١. زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیەو لە نێو زمانەکانی جیهاندا وەک زمانێک دەناسرێتەوە.
٢. ئەمڕۆ دوو زاراوەی سەرەکی لە زمانی کوردیدا بوونیان هەیە:
ئەلف) کورمانجیی باکوور (ژووروو)
ب) کورمانجیی ناوین
. لە بواری نووسین دا:
ئەمڕۆ هەر وەک زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردی، هەر یەکەی بە شێوەیەک خۆی گەیاندۆتە ئاستێکی بەرزو لە زمانێکی ستاندارد نزیک بۆتەوەو بە هەر دووک زاراوە ژمارەیەکی زۆر پەرتووک و بڵاڤۆکو گۆڤار دەردەکەونو بڵاو دەبنەوە.

### لە بواری ئاخاڤتنو زمانی سەرزارەکی دا:

١- کورمانجیی ناوین ئەمڕۆکە توانیویەتی لە باری سەرزارەکی و ئاخاڤتنی خەڵک دا بە هۆی بوونی رادیۆو راگەیاندن و تەلەفیزیۆنی کوردی ئاستێکی بەرز لەم بوارەش دا بەدەس بێنێ.
٢- کورماجیی ژووروو (باکوور) هەرچەند بە هۆی گرفتی سیاسی و زەختی حکوومەتی تورکیە لە سەر ئەم زاراوەیەو نەبوونی رادیۆو راگەیاندن بە شێوەیەکی ئازاد، نەیتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە بەرەو پێش بچێ و بەجێ ماوە، بەڵام رۆژبەرۆژ بەرەو هەل ومەرجێکی باشتر هەنگاو دەنێ.
٣- ئەمڕۆ جودا لە دوو زاراوە سەرەکییەکە، دوو زاراوەکەی تریش خۆیان پاراستووە.




دیارە ئەم دوو زاراوەیە هەر چەند نەیانتوانیوە وەک زاراوە سەرەکییەکان بەرەو پێش بڕۆن و گەشە بکەن، بەڵام لە باری نرخ و بەهایان بۆ کوردستان هیچ جیاوازییەکیان دەگەڵ دوو زاراوە سەرەکییەکە نیە:
ئەلف) کرمانجیی (زازاکی)
ب) گۆرانی(هەورامی)

### چەند پێشنیار بۆ بەرەو پێش بردن و ستاندارد کردنی زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستا دا:

١- پێویستە هەموو رێکخراوو حیزبە سیاسییە کوردییەکان بە گشتی لە کۆنگرەو کۆبوونەوەی خۆیان دا بڕیارێکی سیاسی دەرکەن و بێنە سەر ئەو رایە کە کورد هەموو بە یەک پیت و ئەلف و بێ بنووسن، ئەویش پیتی لاتینی یە، کە لە سەردەمی ئێستا دا پێویستییەکی زانستییشە.
٢- پێویستە هەموو ریکخراوو حیزبە سیاسی¬یەکان بە گشتی ئەم بڕیارە پەسند بکەن کە بۆ فێربوونو بەرەو پێشبردنی زاراوەی کورمانجیی ژووروو (باکوور) رێزمانی گەورە پیاوی کورد میرجەلادەت بەدرخان وەکوو بنکەو بناغەی ئەم زاراوەیە بە رەسمی بناسن.
٣- ئێمە بە پێویستی دەزانین کە بە تایبەتی لە باشووری کوردستان و لە دەرەوەش، لە زانکۆکاندا مامۆستای زمانی کوردی شارەزایی بە سەر هەر چوار زاراوەی کوردی دا هەبێ و زاڵ بوون بە سەر هەموو زاراوە کوردییەکان دا وەکوو مەرجی بوون بە مامۆستای زمانی کوردی لە بەر چاو بگیرێ.
٤- لە هەر مەڵبەندێک لە کوردستاندا کە زاراوەیەک بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی خەڵکی ئەم ناوچە و مەڵبەندەیە، پێویستە منداڵەکانیان قوتابخانەی سەرەتایی بە زاراوەی خۆیان بخوێننوپێی پەروەردە بکرێن و لە خوێندنی ناوەندییش بۆ سەرتر لە هەڵبژاردنی یەکێک لە دوو زاراوە سەرەکییەکە سەر پشک بن.
٥- پێویستە زمانزانان و زانایانی بواری زمانی کوردی بە مەبەستی لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکانی زمانی کوردی و پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی لە سەر هەموو زاراوەکان لێکۆڵینەوەی زانستی بکەن و لە کۆنفرانسی زانستی دا بیرو رایان بگۆڕنەوە و بیانخەنە بەر باس و شیکردنەوە و ئەنجامەکانی پێشکەش بکەن.

سەرچاوە : کوردستان و کورد

سەرچاوە
Serchawe

# دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

نوسینی : مستەفا شلّماشی




بە شێوەیەکی زانستی و گشتی دیپلۆماسی بە هونەر و پراکتیکی بەڕێوەبردنی وتووێژەکانی نێوان نوێنەرانی گرووپەکان یا وڵاتەکان دەگوترێ. نوکی ڕمبی چالاکییە دیپلۆماتییەکان بەرەو پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانە و ئامانجی هەر دیپلۆماسییەکی تایبەتیش بردنە پێشی پرۆژەیەکی تایبەتییە. ئەگەر ئەو پرۆژەیە ڕووکاری نەتەوەیی، ئابووری، بازرگانی یا سیاسیی هەبێ لە پراکتیک و هونەری کارەکەدا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

بۆ هەر دیپلۆماسییەک پێویستە وگرنگ ئەوەیە کە دوو تایبەتمەندیی سەرەکی تێدا کۆ بووبێتەوە: **یەکەم، خاوەنی پرۆژەی ستراتیژیکی خۆی بێ و دووەم، ئامرازەکانی بەکار بردنی هونەری دیپلۆماسیی لە دەست دابێ.**

لەو وتارەدا هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە کە ئەو دوو خاڵە گرنکە چۆن بەدەست دێن، ڕەوش و مێتۆدی باو بۆ ئامادە کردنی زەمینە و بەدەستهێنانی ئەو دوو خاڵانە و هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی دا لەلایەن وەڵاتانی دنیا و هێزە کاریگەرەکانەوە چۆن بووە. بۆ ئەو مەبەستەش ئاوردانەوەیەکی کورت لە مێژووی دیپلۆماسی بە پێویست دەزانم. هەروەها ئاورێک لە دیپلۆماسیی سەرکەوتووی نەتەوە بەشخوراوەکان دەدەمەوە. ئەو دیپلۆماسییانەی کە توانیویانە مەبەستی خۆیان بە شێوەیەکی باش بە گوێی جیهانیان بگەیەنن و ئەنجامی باش بۆ ئامانجی ستراتیژیی خۆیان بەدەست بێنن. پاشان لە بەر ڕووناکیی ئەوڕاستییانەدا ئاوڕ لەو بوارە دەدەمەوە کە ئایا کورد لە دیپلۆماسیی خۆیدا تا ئێستا چی بۆ ئەوخاڵە گرنگانە کردووە، دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و پێداویستییەکانی دیپلۆماسیی کوردی لە سەردەمی ئەوڕۆدا چین.

**یەکەم شوێنکارەکانی دیپلۆماسیی مۆدێرن لە دەوڵەتانی باکووری ئیتالیا دەرکەوت.** ئەوەش لە سەدەی ١٦ دا بوو کە میلان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی دەگێڕا لە دانانی بناغەی دیپلۆماسیی مۆدێرندا. لەوکاتەدا دیپلۆماسی ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لە دیاری کردنی سنووری دەسەڵاتەکانی پاپ (ڕێبەری مەسیحییەکان) و کایزەر (ئیمپراتۆری سەردەم) دا. دیارە ئەو دەورە گرنگەی ئیتالیا لە باری پراکتیکییەوە گوێزرایەوە بۆ باقیی وڵاتانی ئوروپایی. بەتایبەتی وڵاتانی وەک ئیسپانیا و ئیتالیا بەشی باشیان لەو ئاڵوگۆڕەی مەیدانی دیپلۆماسی دا بەر کەوت.

هەر لەو کاتەشەوە بوو کە گرنگییەکی زۆر درا بە مەسەلەی ناردنی نوێنەر لەلایەن وڵاتانەوە بۆ وڵاتانی دیکە و دواتر ئەو مەسەلەیە بوو بە دامەزرانی سەفارەتی هە ر وەڵاتێک لە وڵاتەکەی دیکەدا. لەو کاتەوە هەڵسوکەوتی نێوان دەوڵەتان و هێزە نێودەوڵەتییەکان، پەیوەندییە سیاسی، بازرگانی، ئەمنییەتی و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە پێشدا لە نێوان دیپلۆماتە لێهاتووەکانی وڵاتاندا ڕێک دەخران و پاشان دەبوونە سیاسەتی نێودەوڵەتی یا نێو نەتەوەیی هەر وڵاتێک.

هەر لە سەرەتای کاری دیپلۆماسییەوە لەنێوان وڵاتاندا گرینگییەکی تایبەتی دراوە بە دڵسۆزی بۆ ئامانج و لێوەشاوەیی لەو کارەدا. لە دیپلۆماسیی مۆدێرن دا کە بە دانانی سەفیر لە سەدەی سێزدەوە دەست پێ دەکا سەرنجێکی تایبەت دەدرێ بە پێکانی ئامانج و بەدەست هێنانی دەسکەوتەکان. میلان یەکەم دەسەڵات بوو کە نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ فەڕانسە لە ساڵی ١٤٥٥ دا. بەڵام ڕەتی کردەوە کە نوێنەری فەڕانسە بچێ بۆ ئەوێ چونکە ترسی ئەوەی هەبوو فەڕانسە لە وێ کاروباری جاسووسی لەژێر پەردەی کاری دیپلۆماسیدا ئەنجام بدا. لەو سەردەمەدا میلان ترسێکی زۆری لە دەستێوەردانی فەڕانسە و ئیسپانیا هەبوو. هەرچەندە زۆری نەخایاند کە زۆربەی وەڵاتانی ئورووپایی گرنگی و پێویستیی کاری دیپلۆماسییان بۆ دەرکەوت و لەنێوان زۆربەیاندا سەفیر گۆڕدرانەوە. ئیسپانیا یەکەم وەڵات بوو کە سەفیرێکی دایمیی نارد بۆ وڵاتی فەڕانسە لە ساڵی ١٤٨٧ دا.

لەو قۆناغەدا پرنسیپ و ڕێوشوێنەکانی کاری دیپلۆماسی و تکنیک و زانستی ئەو کارە بەرە بەرە پەرەیان گرت و ڕێکارەکان پێش کەوتن. تایبەتمەندییەکانی نوێنەران دیاری کران و بەتایبەت گرنگیی زۆر درا بە نەخش و پێناسەکانی سەفیر. نوێنەری هەر وڵاتێک بە ڕووکاری ئەو وڵاتە دانرا و دەبوو ڕووەو دنیای دەرەوە تیشکێکی ئەرێنی لە وڵاتەکەی بڵاو بکاتەوە. نوێنەر یا سەفیر دەبوو نیشان بدا کە وڵاتەکەی بە فەرهەنگ، ئاشتیخواز، میواندار و دڵفرەوانە و دەتوانێ ڕۆڵێکی باش لە پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی دا یاری بکا.




لەو سەردەمەدا پلە و تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماتەکان بەپێی نوێنەرایەتییەکەیان دەگۆڕان. نوێنەرایەتیی هەر دەوڵەتێک و هەر گرووپێکی ئاینی پلە و پایە و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. بۆوێنە نوێنەرانی وڵاتانی کاتۆلیک، وڵاتانی پرۆتستان، وڵاتە پاشایەتییەکان، وڵاتانی موستەعمەرە ....هتد کە هەر کامیان ڕێزی تایبەت بە خۆی لێ دەگیرا. تەنانەت لەنێوان یەک جۆر نوێنەرایەتیشدا بە پێی گەورەیی و بچووکی، دەوڵەمەندی و هەژاری و بەهێزی و لاوازی جیاوازی دادەنرا لە ڕێزلێنان دا. خوێندەواری و بەتایبەت بوونی دیپلۆمی بەرز لە ڕاددەی زانستگادا گرنگییەکی تایبەتی پێ دەدرا. هەربۆیەش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان لەو ڕاددەیەدا لە زانستگاکانی ئورووپا خوێندن لە بواری پەیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان و زمانە مۆدێرنەکاندا زۆر پەرەی گرت. هەر لەو کاتەرا دیپلۆماسیی مۆدێرن بوو بە کارێکی پسپۆڕی و لە دەست پلە و پایەی دینی، ئێلیتی، ئیدەئۆلۆژی و سیاسی هاتە دەر. بەو مانایەی کە هەرچەند نوێنەر دەبوو دڵسۆز بۆ ئەو تەیفە یا نەتەوەیە بێ کە نوێنەرایەتیی دەکا، بەڵام پێویستە پسپۆڕیش بێ.

هەر لەو کاتەش دا ئۆرگانێکی دیکە بە ئۆرگانەکانی دەوڵەت یا دەسەڵات لە هەر وڵاتێک زیاد بوو. بڵاو کردنەوەی سەفیر بە وەڵاتان دا و دانانی سەفارەت و کارمەند لە وڵاتانی جۆربەجۆری دنیا، پێویستیی بەوە هەبوو کە لە نێوخۆی وڵاتیش ڕا ئیدارە بکرێن و کارەکەیان لە ژێر چاوەدێری دابێ. هەربۆیە پێویست بەوە بوو کە وەزارەتخانەی تایبەت بە خۆی هەبێ. واتە وەزارەتی کاروباری دەرەوە پەیدا بوو. لە سەرەتادا کاری ئەو وەزارەتخانانە زۆر ڕوون نەبوو؛ لە هەر وەڵاتەی بە جۆرێک ڕێک خرابوو و ئەرکی جیاواز و جۆراوجۆریان بەڕێوە دەبرد. بۆوێنە لە بەریتانیای گەورە وەزارەتی دەرەوە دوو بەش بوو کە زۆرجار کارەکانیان تێکەڵ دەبوو، تا ساڵی ١٧٨٢ کە ڕیفۆڕمیان تێدا کرد. دیارە لەو سەردەمەدا لە باری پێرسۆنێلەوە هێندەش بەر بڵاو نەبوون. فەڕانسە کە ئەودەم گەورەترین وەزارەتی دەرەوەی هەبوو، تا ساڵی ١٧٨٠ ژمارەی هەموو ئەو کەسانەی بۆ ئەو وەزارەتخانەیە کاریان دەکرد لە ٧٠ کەس تێنەدەپەڕین.

لە ئاخرەکانی سەدەی ١٨ دا کاری دیپلۆماسی پەرەی گرت و باڵی هاویشت بۆ وەڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و ڕوسیە. هەر لە دوای ئەوە ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بە سەر پلە و پایەی دیپلۆماتەکان دا هات. ئەویش بەهۆی شۆڕشی فەڕانسەوە بوو. نوێنەر لە پلە و پایە چینایەتییەکانی داماڵرا. یەکسانی زۆرتر درا بە پلەکان و هەتا دەهات جیاوازی دانان لە نێوان دیپلۆماتەکان دا کەمتر دەبۆوە.

ئاڵوگۆڕێکی دیکەش هاتە نێو کاری دیپلۆماتییە وە، ئەویش بەهۆی سەرهەڵدانی شەڕی جیهانییەوە بوو. بەشی سەربازی نەخشی گرنگی گێڕا لە دیاری کردنی دیپلۆماتەکان دا و لە سەردەمی شەڕی جیهانی دا مەسونییەتی دیپلۆماسی نەما و لە زۆر جێگادا تەنانەت دیپلۆماتەکان گیران و خرانە زیندانەوە. ناپلیۆن یەکەم ڕێبەر بوو کە ئەو مە سونییەتەی هەڵگرت و چەند دیپلۆماتێکی بەریتانیی گرت بە تاوانی هەوڵدان لەدژی دەوڵەتی فەڕانسە.

دوای تێکشکانی ناپلیۆن و بە تایبەت پاش کۆنگرەی نێونەتەوەیی ویەن لە ساڵی ١٨١٥ دا هەوڵ درا سیستمێکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو مەسەلەیە دابنرێ و بە یەک چاو سەیری هەموو نوێنەرایەتییەکان بکرێ لە دنیادا. بەڵام لە ڕاستی دا ئەو یەکسانی دروستکردنە بە هاسانی جێبەجێ نەبوو و نیزیکەی سەدەیەکی پێ چوو تا سیستمی پێ درا. بۆیە تەنیا دوای شەڕی جیهانیی دووەم بوو کە دنیا توانی تا ڕاددەیەک سیستم بە کاری نوێنەرایەتی بدا و پلە و پایەی نوێنەرایەتییەکان لەبەر ڕووناکیی ڕێککەوتن و ستاندارده نێونەتەوەییەکاندا بپارێزرێن و بە چاوێک سەیری هەموویان بکرێ.

دیارە لە دەورانی پێش شەڕی جیهانی دووەم دا لە ئاسیاش سیستمی نوێنەرایەتی و کاری دیپلۆماسی هەبووە. چەند دەوڵەتێکی گەورەی وەک چین، دەوڵەتی عوسمانی، دەسەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میسر گرنگیی تایبەتیان پێ داوە. لەو سیستمانەدا کاری دیپلۆماسی سپێردراوە بە کوڕە خاوەن دەسەڵاتەکان و نەجیبزادەکان. پێوانەی سەربەخۆیی لەو کاتەدا زۆرتر دەسەڵات و زانایی لە کاری دیپلۆماسی دا بووە. هەر بۆیەش ئەوانەی کە بەو کارەوە خەریک بوون پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبووە.


ئەوەی تا ئێستا باس کرا شێمایەکی کورت و سەرپێیی بوو لە چۆنیەتیی پێکهاتن و گەشە کردنی کاری پەیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکان. لە بەشەکانی داهاتوودا دێینە سەر هەڵسەنگاندنی چۆنیەتیی کاری دیپلۆماسی و شیکردنەوەی ئامانج و ستراتیژیی ئەو چالاکییە نێونەتەوەیی‌یە. پاشان هەوڵ دەدەین لە سەر بناغەی ئەو پێناسانە چاوێک بە هەڵسوڕان و چالاکی کوردەکان لە و بوارە دا بخشێنین و بەو تەرازووەی لە جیهاندا باوە ئەو چالاکییانە بپێوین. تا بزانین تا ئێستا چ کراوە، کەموکوڕی لە کوێ دایە و ڕێگاچارەی ئەو کەموکوڕیانە چییە.

لە دنیای ئەورۆدا کاری دیپلۆماسی مەودایەکی بەرینی هەیە و لە بواری جۆربەجۆردا بەڕێوە دەچێ. هەروەک هێز و گرووپی جیاوازیش لەو مەیدانەدا کار دەکەن. ئامانج و ستراتیژیی کاری دیپلۆماسی دەتوانێ سیاسی، ئابووری، نیزامی، نەتەوەیی یا ئیدئۆلۆژی بێ. هەر لەو ڕوانگانەیەشەوە گرووپە دیپلۆماتییەکان دیاری دەکرێن. بۆیە لەو مەیدانەدا نوێنەرانی دەوڵەتان، حیزب و ڕێکخراوەکان، شیرکەتە گەورەکان، ناوەندە بازرگانییەکان، هێزە نیزامییەکان، نەتەوەکان و تەنانەت فەرهەنگ و کلتوورە جیاوازەکانی دنیاش لە کێبەرکێ دان.

هەموو ئەو گرووپ و نوێنەرایەتییانە هەوڵ دەدەن لە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا، دەلیل بۆ ڕاستیی هەڵوێستی خۆیان بێننەوە و هێز و توانای خۆیان نیشانی بەرامبەری مامە ڵەکەیان بدەن. هەرچە ند پرێنسیپ و بناغەکانی کاری دیپلۆماسی لەسەر پایەی لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵ کردن دامەزراوە و لیبرالیزم نەخشی بەرچاوی هەیە، بەڵام زۆرجار هێز و توانا قسەی ئاخر دەکا. جا ئەو هێز و توانایە سیاسی، ئابوری، نیزامی یا کلتوری بێ، هەرکام لە مەیدانی خۆیدا باڵادەستی هەبێ دەتوانێ ئەنجامی وتووێژەکان دیاری بکا.

زۆرجاریش دەوڵەتەکان و نەتەوەکان هەوڵ دەدەن پرۆسێسی تایبەتی بۆ چارەسەری مەسەلەیەکی تایبەتی دابنێن و هەموو لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە ڕازی بکەن بە قەبووڵکردن و بەکارهێنانی ئەو پرۆسێسە. لە ڕاستیدا باشترین ڕێگای دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەیەک ئەوەیە کە ڕێگاچارەیەک بدۆزرێتەوە کە هەموو لایەنەکان پێی ڕازی بن. دەنا هەرچەند کاریش لەسەر پەیوەندییەکان بکرێ، ئەنجام زۆرتر دەبێتە شەڕە دەندووکە و دیپلۆماسی جێگای خۆی دەدا بە هونەری پۆلیمیک.

گرنگترین بەشی کاری دیپلۆماسی ئەوەیە کە بتوانی پرۆژەکەت یا ئامانجەکەت و ئەو مەسەلەیەی کە نوێنەرایەتیی دەکەی لە ڕاددەیەکی بەربڵاودا بناسێنی. تەنانەت وڵاتانی دنیاش کاتێک دەتوانن باس لە سەربەخۆیی بکەن کە لە ڕادەی نێونەتەوەییدا بە ڕەسمی ناسرابن. بە دەستهێنانی دانپێدانان و ناسران دژوارترین بەشی ئەو کارە گرنگەیە. جاری وایە چەندین ساڵی پێ دەچێ تا مەسەلەیەک لە دنیا دا قەبووڵ بکرێ و سەمپاتیی چارەسەری بە دەست بێنێ. چونکە لە کاری دیپلۆماسیدا هەر لایەنە تەنیا بە یەک ئاراستەدا دەڕوانێ، ئەویش ئاراستەی قازانجەکانی خۆیەتی. چۆن دەتوانی نیشان بدەی کە چارەسەری کێشەکەی تۆ نەک تەنیا زیان بە لایەنی بەرامبەرت ناگەیەنێ، بەڵکوو قازانجیشی پێ دەگەیەنێ، ئەوە کارێکی دژوارە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕاستییە کە وڵاتێکی گەورە و ئابورییەکی لە حاڵی هێرش کردندا وەک وڵاتی چین ئێستاش بە تەواوی بە ڕەسمی نەناسراوە لە نێو دەوڵەتەکانی دنیادا، ئەو جار دژواریی ئەو مە سەلەیەمان بۆ دەردەکەوێ.




بۆیە گرنگترین کاری دیپلۆماسی بۆ هەر هێزێک زەمینەسازی و ڕێخۆشکردنە بۆ ناساندنی مەسەلەکەی و قەبووڵاندنی داخوازییەکانی. ناساندنی مەسەلەیەک و قەبووڵاندنی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا کارێکی هاسان نییە. هەم کاتی زۆری دەوێ وهەم ئیمکاناتی زۆر. چونکە کار بۆ ناساندن و قەبووڵاندن پێویستە زۆر بەوردی و بە بەرنامە بچێتە پێش و هەموو قۆناغە پێویستەکان تێپەڕێکا و خاوەنی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە، پلانی درێژخایەن و پلانی کورتخایەن بێ.

دارشتنی ستراتیژیەکی باش بۆ کاری دیپلۆماسی لەسەر مەسەلەیەکی تایبەتی لە پێشدا دەبێ زانیاری بۆ کۆبکریتەوە و زەمینەی بۆ ئامادە بکرێ. کەوابوو لە کاری پەیوەندییەکاندا پێویستە هەوڵ بدرێ زەمینەی نێونەتەوەیی بناسرێ، جێ پێی پشتیوانی پەیدا بکرێ و لە بواری قەبووڵاندندا هەڵسەنگاندن بکرێ. دوای ئەوە و بە پشت بەستن بەو زانیارییانە ستراتیژی دابڕێژرێ. چونکە ستراتیژی تەنیا لەسەر ویست دانارێژرێ، بەڵکوو زەمینەی وەدیهاتنی ویست و ڕادەی وەدیهاتنی ویستیش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. هەروەها لە دارشتنی ستراتیژییەکی سەرکەوتوودا پێویستە ئەو لایەنانەی کە دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دەگیرێ، لەبەر چاو بگیرێن و بەڵگەی وا نیشان بدرێ کە ئەوانیش قازانجیان لە وەدیهاتنی ئامانجی ئەو ستراتیژییەدا هەیە.

دوای دارشتنی ستراتیژی پێویستە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەو ستراتیژییەدا پرۆژە دابنرێ و پێداویستییەکانی ئەو پرۆژانە، چ لە بواری ئینسانی و چ لە بواری ئیمکانات و مێکانیزمەکانی بەڕێوەبەری و بەدیهێناندا دیاری بکرێن. هەر پرۆژەیەی پێویستە بەرنامەی بۆ دابنرێ و هەر بەرنامەیەش پێویستە لە پلانی درێژخایەندا بگونجێندرێ. پاشان بەپێی قۆناغەکان ئەو پلانە درێژخایەنانە ورد بکرێنەوە و ببنە پلانی کورتخایەن، یا پلانی ساڵانە.

بۆ ئەوەی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە و پلان بە شێوەیەکی باش و گونجاو دابڕێژرێن و بەڕێوە ببرێن، پێویستە زانیاریی باش هەبێ لەسەر یاسا و ڕێککەوتنە نێو نەتەوەیی‌یەکان. مەرج نییە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکان تەواو لە چوارچێوەی ئەو یاسا وڕێککەوتنانەدابن، بەڵام پێویستە بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە دژایەتییان لە گەڵیاندا نەبێ. ئەگەر ئاگاداریت لە سەر نەبن و پشت گوێیان بخەی، هیچ دوور نییە لە کاتی زۆر هەستیاردا ببنە کۆسپ لەبەر دەمت دا. چونکە هەموو ئەو هێز و لایەنانەی ڕوو بەڕوویان دەبیەوە چاوەڕوانن کە ئاگاداریت هەبێ لەسەر ئەو یاسا وڕێککەوتنانە و لە ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەکانت دا لە بەرچاوت گرتبن.

گرنگترین یاسا و ڕێککەوتنە نێونەتەوەیی‌یەکان بریتین لە : قانوونی گشتیی نێونەتەوەیی، قانوونی تاکەکەسیی نێونەتەوەیی، قانوونەکانی سەروو نەتەوەیی. دیارە باسی هەریەک لەو قانوونانە دەیان لاپەڕە پڕدەکاتەوە و بەو هەموو بەند و لکەی لێیان دەبێتەوە جێگای باسی ئێمە نییە. ناوهێنانیان لێرەدا تەنیا بۆ ئەوەیە کە لە کاتی پێویست دا چاویان لێ بکرێ و کە ڵکیان لێ وەر بگیردرێ. ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانیش زۆرتر لە بۆند و یەکییەتییەکانی نێونەتەوەیی (وەک نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکییەتیی ئورووپا، یەکییەتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، ڕێکخراوی بانکی جیهانی، ڕێکخراوی بازرگانیی نێونەتەوەیی، یەکییەتی نەتەوەکانی باشووری ئەمریکا، ئەنجومەنی وڵاتانی باشووری ئاسیا بۆ هاوکاری و...هتد) بەرهەم هێنراون کە جێگای سەرنج و تێڕامانن.

گرنگترین ئەو ڕێککەوتنانەی لەو بۆند و یەکیەتییانە هاتوونە دەر بریتین لە : ئاییننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێککەوتنی ڕۆم، پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ، ڕێککەوتنەکانی یەکییەتیی ئورووپا، قانوونەکانی یەکییەتی ئورۆپا و ...هتد. هەروەها کۆمەڵێک نیهاد و ڕێکخراوەی حقووقی لە دنیادا هەن کە پێویستە هەم وەک ئامرازێک و هەم وەک ڕێگرێک چاویان لێ بکرێ، بناسرێن و حیسابیان بۆ بکرێ. بۆ وێنە: دیوانی نێونەتەوەیی جینایی، ناوەندی نێونەتەوەیی قەزایی، دیوانی لاهە، کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، دادگای مافی مرۆڤی ئورۆپا، ناوەندی قەزایی ئورووپا و زۆری دیکە.

ئە گەر بتهەوێ دیپلۆماسییەکی سەر کەوتوو بەڕێوە بەری، پێویستە هەموو ئەو دامودەزگا و ناوەندانە بناسی و لە کاتی داڕشتنی ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەدا لەبەر چاویان بگری.

دەبێ قانوون و قەراردادەکانیان بزانی و لە بڕیارەکانت دا لەبەرچاویان بگری و زۆر جار وەک فاکت و پەنای قانوونی ئیشارەیان پێ بکەی. بەتایبەت دیپلۆماسیی ئەو نەتەوانەی هەوڵ دەدەن مافی خۆیان لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان‌دا بسەلمێنن، زۆر کاری بەو ڕێوشوێن وچوارچێوانە دەبێ.

لە بەشی داهاتوودا هەوڵ دەدەین چەند وێنەیەک لەو دیپلۆماسییە سەرکەوتووانە باس بکەین کە بە دارشتنی ستراتیژییەکی باش، دانانی پرۆژە و پلان، لە سەر بناغەی زانیاریی تەواو لەبارەی دامودەزگا نێونەتەوەییەکانەوە توانیویانە مەسەلەکەی خۆیان بقەبووڵێنن و بە ئامانج بگەن

هۆی سەر کەوتنی ئەو گەلانە لە گەیاندنی پە یامی خۆیان بە گە لانی دنیا و لەو ڕێگایە وە دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان هەڵسەنگێنین و هە وڵ بدەین ئەو خاڵانە دەستنیشان بکەین کە بۆ گە لە کەمان دەکرێ ببنە وانە.

لە مێژووی تازەدا دەتوانین ٣ وێنەی باشوری ئەفریقا، تیمۆری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ بە وێنە بێنینەوە، کە هەرکامیان لە کەرتێکی دنیا داهەڵکەوتوون و لە هەل و مەرجی جیاوازدا هەوڵیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان داوە.

سەرچاوە
Serchawe

١ - باشوری ئەفریقا

مێژووی باشوری ئەفریقا زۆر کۆنە. مێژووی جەنگەڵییەکان لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥.٠٠٠ ساڵ پێش و دانیشتوانی مێژووی تازەی ئەو وەڵاتە واتە (Bantoe ) دەگەڕێتەوە بۆ ٢.٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا. بەڵام مێژووی نوسراو لە کاتی هاتنی ئوروپاییەکانەوە دەست پێ دەکا. پورتوگالییەکان و هولەندیەکان هەر لە سەدەی شازدەوە لە و وەڵاتە دا بە دوای دەرهێنانی زێڕ دا وێڵ بوون. بەتایبەت لە لایەن هولەندییەکانەوە یەکەم کۆڵۆنی لە ٦ی ئاوریلی ١٦٥٢ دا دامەزرا، کە لە باری ئیدارییەوە سەر بەخۆ بوو. بە درێژایی سەدەکانی ١٧ و ١٨ هولەندییەکان لەوێ دەستیان کرد بە دروستکردنی شاری




تایبەت بە خۆیان و بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان. ئەو شارانە پڕ بوون لە دانیشتوی ئوروپایی بە تایبەت هولەندی. تازە هاتوەکان هەوڵیان دا کلتوری دانیشتوانی ئەسڵی لە نێو بەرن و لە هەمو بارێکەوە خۆیان بەسەر ئەو وەڵاتانەدا بسەپێنن. ئەوان کۆیلە یان لە وەڵاتانی دیکەی وەک ئەندۆنزی، ماداگاشکار و هیندەوە دێنا و لە کان و کێڵگەکان دا کاریان پێ دەکردن. بەدوای دیتنەوەی پلاتین لە ١٨٦٧ و ڕیشەکانی بەرپڵاوی زێڕ لە ١٨٨٦ دا و دەرکەوتنی سامانێکی بێ سنور لەو وەڵاتە، تازە هاتووەکان کە هەمو ئیمکاناتی ئابوری و گە شە کردن و زانستی یان لە دەست دابو، دەستیان کرد بە پاکتاوی ڕەگەزی و هەوڵیان دا دەست بەسەر هەمو سەروەت و سامانی ئەو وەڵاتەدا بگرن و دانیشتوانی ئەسڵیش وەک کۆیلە چاو لێ بکەن. ئەوەش سیستمی جیاوازی ڕەگەزی لێ کەوتەوە کە بۆ دەیان ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام دانیشتوانی ئەسڵی قەت کۆڵیان نەدا و تەسلیمی ئەو ناعەداڵەتییە نەبوون. بە شێوەی جۆراوجۆر بەربەرەکانیان کرد و لەو پیناوەدا قوربانیان دا.

لە ساڵی ١٩١٢ دا کۆنگرەی نەتەوەیی ANC ی و دواتر بەرەی یەکگرتووی دیموکڕاتی یان پێکهێنا و نەیان هێشت سیاسەتی جیاوازی ڕەگەزی بە ڕاحەتی باڵ بکێشێ و کارێکیان کرد کە ڕژیمی جیاوازی ڕەگەزی(apartheid ) وا لە فشار بکەوێ کە بۆ دەربازبوون لە و قەیرانەی بەسەری دا سەپابوو، بیر لە ئاڵ و گۆڕێکی ڕووکەش بکاتەوە.

یەکەمین ئاڵ و گۆڕەکان لە باشوری ئەفریقادا لە ساڵی ١٩٧٧ دا دەستی پێ کرد. ئەوەش کاتێک بو کە Pieter Willem Botha ڕێبەرایەتی پارتی نەتەوەیی دەسەڵاتداری بە دەستەوە گرت. ئەو دەرکی بەو ڕاستییە کرد کە سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە ناتوانن درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆیان بدەن، ئەگەر ئامادە نەبن ئاڵ و گۆڕ بەسەر جیاوازی دانانی ڕەگەزی «apartheid»دا بێنن. ناو براو شادروشمێکی «motto» گرنگی هێنایە گۆڕێ، ئەویش ئەوە بو»die or t adap « بمرە یا ئاڵ و گۆڕ بکە. هەر ئەو ئاڵ و گۆڕە بچوکانە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕەشەکانی ئەو وڵاتە کە زووربەی دانشتوان پێک دێنن، بە باشترین شێوە کەڵک وەرگرن و لە ڕێکخستنێکی هەمو لایەنەدا بۆ سەر یەکخستنەوەی هێزەکانی خۆیان بە رەی یەکگرتوی دێموکڕاتی «Democratic FrontitUn UDF ed « پێک بێنن.

ئەوبەرەیە پێک هاتبو لە یەکگرتنی زیاتر لە ٦٠٠ ڕێکخراوی ڕەش پێستەکانی ئەو وڵاتە، کە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی خەباتیان دەکرد. بە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانە لە ناو خۆی وڵاتەکەدا، هەوڵەکانی دیپلۆماتیک لە دەرەوەی وڵات بە مە بەستی فشارهێنان بۆ سەر دەوڵەتی ڕەگەز پەرست بە خێراییەکی بێ وێنە پێشکەوت. لە ئەنجامی ئەو تێکۆشانە هە مەلایەنە دا، وەڵاتانی ڕۆژئاوایی هە ستیان بە ڕاددەی چەوساندنەوەی ڕەشپێستەکان و بەر فراوانی و دژی ئینسانی بوونی سیاسەتی جیاوازی دانانی ڕەگەزی کرد و لە هەمولایەکەوە دەستیان دایە گەمارۆ دانی ڕەگەزپەرستان.

هەر چەند بۆتا دەی هەویست بە ئاڵ و گۆڕێکی کەم ڕژیمەکەی ڕزگار بکا و نەهێلی فەرمانی دەسەڵات و ئیمکانات لە دەست سپی پێستەکان دەربچێ، بەڵام ڕەشپێستەکان توانیان لە ژێر ڕێبەرایەتی خەباتکارانی وەک نیلسۆن ماندێلا دا لە و دەرفەتە بە تەواوی کەڵک وەرگرن. خۆ ڕێکخەن، یەکبگرن و لە ڕێگای پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئە فریقا « ANC « و ە و بە هێرشێکی دیپلۆماسی بەر بڵاو دنیا لە دژی سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی هان بدەن. بۆ یە کاتێک کە» بۆ تا» لە نێوەڕاستی ساڵەکانی هەشتادا ویستی بە زەبر و زەنگ چەرخی ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگێڕێتەوە و چالاکی ڕەشپێستەکان ڕابگرێ. لە گە ڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهێزی نێوخۆیی و نێو نەتەوەیی بەرەو ڕوو بوو. لە و بەرەنگاربوونەوەیەدا هێزیی ڕگەزپەرستی شکستێکی گەورەی خوارد، چوونکە لە ڕوو بەڕووی دا دیوارێکی پۆڵایین لە چالاکیی نێونەتەوەیی هەبوو. بە شێوەیەک کە لە وەڵاتی دایکی سپی پێستەکانی باشوری ئەفریقا(واتە هولەند) چالاکی دژی جیاوازیی ڕەگەزی لە هەمو وەڵاتێک بەهێزتر بوو.

هەرچەندە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا «ANC « هەر لە ساڵی ١٩١٢ ە وە پێکهاتبو، بەڵام دەکرێ بڵێین لە دوای ئە و یەکگرتنە مەزنەوە بو کە خۆی گرت و بوو بە هێز. کۆنگرەی نەتەوەیی ئە فریقا « ANC « توانی ڕاپەڕینی نەتەوەیی ڕابگەیەنێ و لافاوی ڕەشپێستەکان بێنێتە سەر شەقامەکان و هەر لەو کاتەش دا سەرنجی هەمو دنیا بۆ لای ئەو ڕاپەڕینە ڕاکێشێ. یەکگرتنی ڕەشپێستەکان ئەوەندە کاریگەر و لۆبی سیاسیان لە دەرەوە ئەوەندە بەهێز بو کە تەنانەت ئەو بەشە لە ڕەشپێستەکان کە لە گەڵ ڕەگەزپەرستی گونجابوون ڕاستبونەوە و جوڵانەوەی کۆساتۆ»Cosatu « یان پێکهێنا کە ئەوەندەی دیکە کۆنگرەی نەتەوەیی پێ بە هێز بوو. لۆبیی دیپلۆماتیک کە بە هاوکاری سیاسییەکان، وەرزشکارەکان، هونەرمەندەکان و ڕووناکبیرەکان لە دەرەوە بە گشتی بە ڕێوە دەچو کارێکی کرد کە نەک تەنیا جووڵانەوە بەرێتە ئاستێکی زۆر بەهێز، بگرە داوای ئازادکرانی نێلسۆن ماندێلاش بکەن کە لەو کاتەدا ببو بە سیمبۆلی سەربەخۆیی باشوری ئەفریقا.

فشارەکان لە ڕاستی دا ڕژیمی جیاوازیی ڕەگەزییان بە چۆک داهێنابو. بۆتا بە تەواوی بێ تاقەت ببو. ئاڵ و گۆڕگە یشتبۆ بن گوێی ئە پارتاید. ڕێبەریی حیزبی نەتەوەیی سپی پێستەکان دەسەڵاتی تەسلیم بە کەسێکی دیکە کرد و اتە « Frederik Willem de Klerk « فریدریک ویلم د کلێرک.

ئەویش چارەیەکی نەبو جگە لە وەی لە بەرامبەر هێزی لە بن نە هاتوی یەکگرتن و دیپلۆماسی باش دا تەسلیم بێ و بۆ پاراستنی خۆیان لە تۆڵە کردنەوە بە خێراییەکی زۆر ڕیفۆرم بکا. لە ١٩٩٠ دا نیلسۆن ماندێلا ئازاد کرا . دەوڵەتی ڕەگەز پەرستان مەجبور بو بناغەکانی خۆی هەڵوەشێنێ، « ANC ،PAC « و گرووپەکانی دیکە بوونە قانونی و لە ساڵی ١٩٩١ دا ماندێلا و د. کلێرک و گرووپەکانی دیکە پەیماننامەی ئاشتیان ئیمزا کرد و ڕێگای هەڵبژاردنی دێموکڕاتیکیان ئامادە کرد. بەم جۆرە هەل ڕەخسا بۆ زۆرینەی ڕەشپێست کە بە ڕێگای هەڵبژاردن دا دەسەڵاتی وڵات بە دەستەوە بگرێ.

لە و پرۆسەیە دەکرێ سێ وانەی سیاسی زۆر گرنگ وەربگرین. یەکەم شوێنکاری یەکگرتنە لە سەر پرۆسەی سیاسی و کاری دیپلۆماتیک. دووەم بەرفراوانبونی دیپلۆماسییە و گواستنەوەیەتی بۆ قۆناغی لۆبیگەری کە تێیدا هەمو هێزی نەتەوە کۆ دەبێتەوە، بە سیاسەتمەدار و وەرزشکارو هونەرمەندەوە. سێهەم قۆستنەوەی دەرفەت و گەیاندنی دەنگی نەتەوەیە لە دەرفەتێکی کەم دا بە گوێی جیهانیان و فۆرمۆلە کردنی داخوازییەکان و قەبوڵاندنیانە.

- تیمۆری ڕۆژهەڵات:

مێژووی ژیانی ئادەمیزاد لە تیمۆر دا تا ٢٠.٠٠٠ ساڵ پێش زایین ناسراوە. هەوەڵین گروپەکانی مرۆڤ لە ئوستوراڵیاوە هاتونە ئەو جەزیرەیە و دواتر ئەندۆنزی و مالیزییە کان هاتوون و دواترین گروپیش لە باشوری چینەوە گە یشتونە ئە و جەزیرەیە. مێژووناسان دەڵێن خەڵکی ئەو و ڵاتە لە جیاتی ڕوو لە کەنارەکانی دەریا بکەن، بە پێچەوانەی زووربەی گەلانی دیکە ڕوویان لە نێوخۆی وڵاتەکە و چیاکان کردووە. ئاڵ و وێری بازرگانی بەدەست هیندی و چینییەکانەوە بووە کە دەریاوانیی ئەو ناوچەیان لە دەست دابووە. دواتر لە سەدەی ١٦ دا ئوروپاییەکان ڕوویان لەو وڵاتە کردووە و قۆناغێکی تازەی مێژوییان لەو وڵاتەدا تۆمار کردووە. بە پێی سەر چاوە ئوروپاییەکان لە و سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێکی ناوەندیی بە هێز لە و وڵاتەدا فەرمانڕەوا نەبووە، بەڵکو سەرۆک هۆزەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و هەروەک وڵاتی چکۆلەی سیستمی پاشایەتی خۆیان بەڕێوە بردووە.سەرەتای سەدەی ١٦ پورتوگالییەکان گەیشتونە ئەوێ و پاشانیش هولەندییە کان لە کۆتایی ئەو سەدەیەدا پەلیان بۆ ئەوێ ڕاهاویشتووە.

لە دوای سەدەی شازدەوە هولەندییەکان دەستیان بەسەر ئەندۆنزی و باشوری تیمۆرداگرت و بە شی ڕۆژهەڵاتی تیمۆریش کەوتە دەست پورتوگالییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٧٠٢ ڕۆژهەڵاتی تیمۆر بوبە موستەعمەرەی پورتوگاڵ. دیارە پورتوگاڵییەکان ئەو وەڵاتەیان سەرتا پا کردە کێڵگەی قاوە و گەنمە شامی. یە کەم دەسەڵاتداری تیمۆری ڕۆژهەڵات لە لایەن پورتوگالییەکانەوە ( António Coelho Guerreiro) بوو کە دەسەڵاتی خۆی بە ڕێگای سەرۆک هۆزەکان دا بەڕیوە دەبرد. دوای ئەوەش کە دەسەڵاتی بەربڵاوی هولەندییە کان لە وڵاتانی ئەندۆنزی دا ساڵی ١٨٥٩ لە قەراردادی لیزابۆن دا لە گەڵ پورتوگالییەکان ڕیک کەوتن، ئەو بەشە لە تیمۆر هەر لە ژێر دەسەڵاتی پورتوگالییەکان دا مایەوە. بەڵام سنوری ڕەسمی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩١٦ دا لە (Den Haag ) ، یا شاری «لاهای»هولەند دیاری کرا. تا سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ پورتوگالییەکان تەنیا وەک ناوەندێکی بازرگانی چاویان لە موستەعمەرەکانیان دەکرد و بۆیەش نێوانیان زۆر ناخۆش نەبو لە گەڵ گە لانی ئەو وڵاتانە. بەڵام لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا کە ئابوری وەڵاتی خۆیان تێک چوو، هێزێکی نیزامی زۆریان بردە ئەوێ تا داهاتەکانی وەڵاتانی موستەعمەرە بگوێزنەوە بۆ وەڵاتی خۆیان. لە تیمۆری ڕۆژهەڵات دا لە گەڵ بەرەنگاربونەوەیەکی بەهیزی خەڵک ڕووبەڕوو بونەوە و لەو سەردەمەدا زیاتر لە ٣٠٠٠ پارتیزانی تیمۆرییە کان کوژران. ئەوە سەرەتای دەست پیکردنی خەباتی تیمۆری ڕۆژهەڵات بو لە پێناوی

سەرچاوە Serchawe

سەربەخۆیی دا. دوای ئەو کاتە لە ژێر هیچ فشارێک دا دەستیان لە داوای سەربەخۆیی هەڵنەگرت و تەواوی ئەو هۆزانەش کە بە شێوەی نیمچە پاشایەتی لە هۆزە جیاوازەکان دا دەژیان یەکیان گرت و نوێنەرایەتییەکی پەیوەندی هاوبەشیان دامەزراند.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستاو دەستێکی زۆری کرد. ساڵی ١٩٤١ لە لایەن هولەندی و ئوستوراڵییەکانەوە داگیر کرا بۆ ئەوەی ڕێگا لە هاتنی ژاپۆنییەکان بۆ ئەوێ بگرن. بە وحاڵەش لە فەورییەی ١٩٤٢ دا ژاپۆن هێرشی بۆ کرد و لە دەست هولەندی و ئوستوراڵییەکانی دەرهێنا. بە و جۆرە هەمو تیمۆر بوبە بەشێک لە ژاپۆن. هێندێک لە هولەندی و ئوستوراڵییەکان شەڕی پارتیزانیان دژی ژاپۆن دەست پێ کرد و تیمۆرییەکانیش هاوکارییان کردن. ئاخرەکەشی سەربازەکانی هولەندی و ئوستوراڵی ڕۆیشتن و تیمۆرییەکانیان بە بێ پشتیوان بە جێ هێشت. ژاپۆن لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرت و خەڵکی تیمۆری بە توندی سزا دا.

بە لام دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووەم و شکانی ئاڵمان و ژاپۆن لەو شەڕە دا،ساڵی ١٩٤٨ سەر و کە للەی پورتوگالییەکان دیسان لە تیمۆری ڕۆژهەڵات پەیدا بۆوە. پورتوگاڵ هەوڵی دا وەزعی نابە سامانی ئابوری باشتر بکا، بەڵام تیمۆرییەکان بڕیاریان دابو سەر بەخۆیی بەدەست بێنن. هەربۆیە بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی دەسەڵاتی پورتوگاڵ نە بوون و لە دەرەوە و ناوەوە ی وڵات دەستیان بە خەبات و خۆ ڕێکخستن کرد.

ساڵی ١٩٧٤ لە پورتوگاڵ شۆڕشی دێموکڕاتیک کراو دیکتاتۆری جێگای خۆی دا بە دێموکڕاسی. ئەنجام ئەوە بو کە پورتوگاڵ دەستی لە ئیستیعمارگەری هەڵگرت و بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی بە بەشداری ٣ حیزب یەکەم هەنگاو بەرەو دێموکڕاسی هەڵگرێ و هەڵبژاردن بکا، کە لەو هەڵبژاردنەدا حیزبی سەربەخۆیی تیمۆری ڕۆژهەڵات توانی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و لە ٢٨ ی نووامبری ١٩٧٥ دا سەربەخۆیی ڕاگەیەنێ.

بەڵام یەک حەوتوو دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەندۆنزی هێرشی بۆ کرد و داگیری کرد. ئەو داگیر کردنە شەڕێکی خوێناوی بە دواوە بو کە لە ١٩٧٦ دا بە قازانجی ئەندۆنزی کۆتایی پێهات و ئەندۆنزی کردی بە ٢٧ هەمین ئوستانی خۆی. بە هۆ خەباتی دیپلۆماتیکی سیاسەتوانانی تیمۆری لە سەرانسەری دنیادا لۆبی تیمۆری ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد. تیمۆرییەکان بە هیچ شێوەیەک تەسلیمی داگیرکاریی ئەندۆنزی نەبوون و کارێکیان کرد کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەڵاتانی جیهان ئەو داگیرکارییەی ئەندۆنزی قەبوڵ نەکەن. دوای داگیر کران لە لایەن ئەندۆنزیەوە دەیان ساڵ تیمۆری ڕۆژهەڵات شانۆی شەر و توندو تیژی و ئیعدام و زیندان بو کە خوێناویترین کاتی ئەو شەڕە حەمامی خوێنی سانتاکروز بو لە ساڵی ١٩٩١ دا، کە لە خۆپێشاندانێکی هێمنانەو مەدەنی دا ٢٥٠ کە س لە لاوانی ئەو وڵاتە کوژران. وێنەی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنە گەیشتە سەر تەلەفیزیۆنەکانی هەمو دنیا.

سیاسی- دیپلۆماتەکانی تیمۆری بە باشی دەنگی گەلەکەیان قۆستەوە و لە سەراسەری دنیادا بە یەکگرتوویی مافی ڕەوای وڵاتەکەیان هێنایە گۆڕێ. لە ١٩٩٨ دا سەرۆکی ئەندۆنزی سۆهارتۆ مەجبور بە ئیستیعفا بوو. جێگری ئەو حەبیبی لە ژێر فشاری دیپلۆماسی بەهێزی چالاکانی تیمۆری و هێزە دەرەکییە کان دا مەجبور بوو ڕیفراندۆم لە و وەڵاتەدا قەبوڵ بکا و تیمۆرییەکان دەیان توانی هەڵبژێرن بۆ ئۆتۆنۆمی یا سەربەخۆیی. کە دیارە لە ئەنجامی یەکگرتوویی و بە جەماوەری بوونی خەبات دا، تیمۆرییەکان سەرەڕای ترساندن و فشاری سەربازانی ئەندۆنزی و لە زۆر جێگا دا فرت و فێڵ کردن، بە زۆرایەتی ٥،٧٨% دەنگیان دا بە سەربەخۆیی.

بەم جۆرە تیمۆری ڕۆژهەڵات وێنەیەکی دیکەی لە دیپلۆماسی سەرکەوتو نیشان دا کە تەنیا بە یەکگرتوویی، بەردەوامی و لێبڕاوی دەی توانی بەدەستی بێنێ. دەرسێک کە لە و مەسەلەیەش دەست دەکەوێ ئەوەیە کە گەلێک ئەگەر بیهەوێ ڕزگار بێ پێویستە ٣ مەرج لە خۆی دا پێک بێنێ. ١. یەکگرتوو بێ. ٢ . لە ویستی ڕزگاری دا لێبڕاو بێ ٣. لە دیپلۆماسی دا ئیمانی بەخۆی هەبێ و چالاک بێ.

٣- کۆسۆڤۆ:




کۆنترین دانیشتوانی کۆسۆڤۆ ئیلیرییەکان بوون . لە ١٠٠٠ ساڵ پێش زاییەنەوە ئەوان لە کەنارەکانی دەریای ئەو وەڵاتە دا نیشتەجێ بوون. لە سەدەی ٥ دا سڵاوییەکانیش چۆمی داناو یان تێپەڕاند و گەیشتنە ئەو ناوچەیە. ئەوان لە هۆزی جیاواز دا دەژیان کە بەتەواوی لە دنیای دەرەوەی خۆیان دابڕابوون. لە ژێر شوێنکاری کلتوری ڕۆمی-بیزانتینی دا هاتبون، بەڵام لێرە کلتوری مەسیحی یان دەناسی. هەر بۆیەش بە شی زۆریان هەر بە مەسیحی ئۆرتۆدۆکس مانەوە. لە سەرەتای سەدەی ١٤ دا عوسمانییەکانیش چاوی تەماعیان بڕیە ئەو ناوچانە. بەڵام ئەلبانییەکان کە پاشماوەی ئیلیریەکان بوون هیچ کاتێک وەدوای کلتوری ڕۆمانییەکان یا تورکەکان نەکەوتن و خۆیان پاراست. هەرچەندە زمانەکەیان زۆر لە ژێر کاریگەریی یونانییەکان دابو، بەڵام هەر پاراستبویان. دیارە لە کێشە کانی نێوان دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دا ئاخرەکەی ساڵی ١٣٨٩ شەڕ هەڵایسا لە نێوان تورکەکان(عوسمانییەکان) و سێرڤە کان دا کە لە شەری (Merelveld)مێرێلفێڵد دا سێرڤەکان سەرکەوتن و ناوچەی کۆسۆڤۆیان داگیر کرد.

لە سێهەمین هێرشی عوسمانییەکان دا لە ساڵەکانی ١٦٨٣-١٦٩٩ کە بە شەڕی پیرۆزیان ناودێر کردبو، ئەلبانییەکان بە سەر پەرستی بیسکۆپ( Pjetër Bogdani) و بە هاوکاری لشکری ئوتریش کۆسۆڤۆیان لە تورکەکان پاراست، بەڵام کەوتە دەست ئوتریشییەکان. دوای ئەوە چەند جارێک کۆسۆڤۆ دەستاو دەستی کرد لە نێوان، ئوتریشییەکان، عوسمانییەکان و سێرڤەکان دا. دوای دامەزرانی دەوڵەتی پاشایەتی لە سێرڤییە، بە شێک لە ئەوانەی بە ڕەگەز سێرڤ نە بوون نیردرانە کۆسۆڤۆ. لە سەدەی نۆزدە دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بە ناسیۆنالیزمی سێرڤی، بولگاری و یونانی دەورەدرابون. ئەوانیش وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەر ئەوە دا بەرەیەکی ناسیۆنالیستی خۆیان پێک هێنا لە پریزرێن( Prizren ) لە ساڵی ١٨٧٨ دا. دیارە لەو کاتەوە ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆش لە بیری پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی خۆیان کەوتن. هە ر ئەوەش بیرۆکەی تێکەڵ بوونی کۆسۆڤبۆ لە گەڵ ئەلبانیای هێنایە گۆڕێ. بەڵام هەر ئەوکاتەش دانیشتوانی سێرڤی کۆسۆڤۆ کە یەک چوارومی ژمارەی دانیشتوانی کۆسۆڤۆیان پێک دەهێنا، دژی ئەوە راوەستان . ئاخرەکەی لە دوو شەڕی باڵکان دا لە ساڵەکانی ١٩١٢ و ١٩١٣ دا سێرڤییە کۆسۆڤۆی خستە سەر خاکی خۆی.

لە شەڕی جیهانی دووەم دا کۆسۆڤۆ بۆ ماوەیەک کەوتە دەست ئەڵمانییەکان، بە لام بە سەرکەوتنی تیتۆ( Josip Broz Tito ) کە بە ڕەگەز کرۆواتی بوو دەورانێکی سەباتی ئیتنیکی لە و ناوچەیەدا هاتە ئاراوە. تیتۆ هەوڵی ئەوەی دا کە نەتەوە جیاجیاکانی ئەو وڵاتە پێکەوە سازش بدا و یەکییەتیەکی سیاسی پێک بێنێ.. ئەو قەولی دا یوگوسڵاوی بە شێوەی بۆندێک پێک بێنێ و لە چوار چێوەی ئەو بۆندەدا نەتەوە جیاوازەکان مافی تەواویان هەبێ. ئەو توانی بەو قەولانەی هێزەچەپەکان، ناسیۆنالیستەکان و تەنانەت دێموکڕاتەکانیش بێ دەنگ بکا. لە ساڵی ١٩٧٤ دا کۆسۆڤۆش بو بە پارێزگایەکی ئۆتۆنۆم و بە کردەوە بە ئەندازەی ناوچەکانی دیکە دەسەڵاتی نێوخۆیی هەبو. لە ژێر سەرۆکایەتی تیتۆ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ لە ئاسایش دا دەژیان. دوای مردنی تیتۆ لە ساڵی ١٩٨١ دا ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ هاتنە سەر جادە و داوای مافی سەربەخۆییان هێنایە گۆڕێ.

هەرچەند ئەو ڕاپەڕینە بە شێوەیەکی خوێناوی لە لایەن سێرڤە کانەوە سەرکوت کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٦ دا بە شێوەیەکی پان و بەرین تر هاتەوە مەیدان. هەر لەو کاتە دا ویستەکانی نەتەوەیی و دێموکڕاسی بە شێوەیەکی باشتر فۆرمولە کران و خەبات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی نێونەتەوەییش دەستی پێ کرد. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە جوڵانەوەی کۆسۆڤۆ توانی خۆی پێناسە بکا وەک جوڵانەوەیەکی دێموکڕاتیخواز و لە و ڕێگایە وە توانی سۆزی وڵاتانی ئوروپایی و ئەمریکا بۆ لای خۆی ڕاکێشێ.

لە بەرامبەر ئەوە دا سێرڤەکان کۆسۆڤۆ یان بە ناوەندی فەرهەنگیی سێرڤییە پێناسە دەکرد و ڕایان دەگەیاند کە لە هیچ هەل و مەرجێک دا ئامادە نین کۆسۆڤۆ بدەن بە ئەلبانییەکان. بەم جۆرە ساڵی ١٩٨٩ میلۆسۆفیچ، سەرۆککۆماری یوگوسڵاوی، کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی کۆسۆڤۆ هێنا، بۆ ئەوەی ئامرازەکانی سەربەخۆیی لە دەست ئەلبانییەکان دەربێنێ. ناوچەکە جارێکی دیکە بە تەواوی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی سێرڤەکان. پارلەمانی ناوچەیی ئەلبانییەکان نێردرایەوە ماڵەوەو سەدان هەزار ئەلبانی بێکار کران. ئەلبانییەکان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا توانیان بە شێوەیەکی ژێرزەمینی خۆیان ئۆرگانیزە بکەن. لە هەموی گرنگتر ئەوە بو کە دەسەڵاتێکی سێبەریی ژێر زەمینی یان بۆ خۆیان دروست کرد و تەسلیمی دەسەڵاتی سێرڤەکان نەبوون. هەروەها دەوڵەت و پارلەمانی خۆیان دروست کرد و هەوڵیان دا لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکان خۆیان وەک حکومەتی قانوونی کۆسۆڤۆ بناسێنن. هەرلەو کاتەدا دەستیان کرد بە دامەزراندنی موئەسسەساتی فەرهەنگی و نەتەوەیی وەک مەدرەسەکان، دانشگا، نەخۆشخانە و تەنانەت سیستمی پاراستنی کۆمەڵایەتی. هەموی ئەو دام و دەزگایانە لە باری ماڵییەوە ئیدارەدەکران بە سیستمێکی ماڵیاتی و بە یارمەتی ئە و ئەلبانیانەی لە وڵاتانی دەرەوە کاریان دەکرد.

هەر چەند لە سەرەتادا کۆمەڵگای نیو نەتەوەیی سەرنجێکی ئەوتۆی نەدەدایە مەسەلەی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ، بەڵام بە هەوڵی دیپلۆماتیکی خۆیان ئەو کەش و هەوایەیان گۆڕی و تاڕاددەیەکی باش توانیان

سەرچاوە Serchawe

پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. لەگەڵ ئەوەش مەسەلەی کۆسۆڤۆ بە چارەسەر نەکراوی مایەوە. بەڵام لە ١٩٩٦ دا سەبری ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ بەسەرچوو بۆ سەپاندنی مافەکانی خۆیان دەستیان دایە چەک. کە تا ١٩٩٩ شەڕێکی خوێناوی لێ کەوتەوە. ئاخرەکەی کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی هاتە نێو مەسەلەکە و تەنانەت ناتۆ و ئەمریکا چ بە چەک و چ بە شێوەی دیپلۆماتیک پشتیوانیان لە کۆسۆڤۆ کرد تا لە ساڵی ١٩٩٨ دا ئاگر بەستێک ئیمزا کرا، کەدواتر لە لایەن سێرڤەکانەوە شکێنرا و شەڕ بەردەوام بو. لە گەڵ ئەوەش کۆسۆڤۆییەکان توانیان لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە کارێک بکەن کە کۆنفرانسی کۆسۆڤۆ لە فەرانسە پێک بێ و لە و کۆنفرانسەدا بڕیار بدرێ کە بۆ ماوەی ٣ ساڵ حەقی خۆ بەڕێوە بردن بدرێ بە خەڵکی کۆسۆڤۆ. لەو ڕێگایەوە کۆسۆڤۆ خرایە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕێگا خۆش کرا کە پارلەمان و دەوڵەت پێک بێ و لە ئاخرەکەی دا بە پشتیوانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ ی فەوریەی ٢٠٠٨ دا بە تێکڕای دەنگ لە پارلەمانەکەیان دا سەبەخۆیی کۆسۆڤۆیان ڕاگەیاند.

ئەنجام ئەوەیە کە کۆسۆڤۆکان بە چە ند هۆیەک توانیان ئەو قۆناغانە ببڕن:

١ . ستراتیژی نەتەوەییان هەبوو هەموشیان لە سەری کۆک بوون. ٢. یەکگرتوو بوون. ٣. ڕووەتێکی دێموکراتیکیان لە خۆیان نیشان دا بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕوگۆڤا. ٤. توانیان بە کاری دیپلۆماتیک پشتیوانی دەرەوە بەدەست بێنن

ئێمە باسی دیپلۆماسی نەتەوەی کورد دەکەین و ئەگەر بە مانا بەر فرەوانەکەی چاوی لێ بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە کورد وەک نەتەوە تائێستاش لە کاری دیپلۆماسی دا زۆر لە دوایە و تەنانەت لە بەشێک لە کاری دیپلۆماسی دا کە لابی گەرییە، هەر بە تەواوی لە مەیدان بەجێ ماوە. ئەوەی وەک دیپلۆماسی کوردی دەکرێ باسی بکەین زۆرتر دیپلۆماسی حیزبییە، نەک نەتەوەیی. ئەگەر هەوڵەکانی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دەرکەین، کە ئەویش زۆر سنوردارە و تەنیا بۆ باشوری کوردستان کار دەکا، جگە لە پەیوەندییە کانی حیزبە کوردستانییەکان شتێکی ئەوتۆ بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لە ئارا دانییە.

ئەو هەوڵانەش کە نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەی دەن زۆرتر لە چوارچێوەی پەیوەندی دەوڵەتی هەرێم دا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ناوەندە نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتان و شیرکەتە نێونەتەوەییەکانە لە باری ئابووری و بازرگانییەوە و پشت بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی نابەستێ بۆ وروژاندنی باس لە سەر داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە هەموو کوردستان. دیارە ئەو هەوڵانەی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان بە کەڵک و پیرۆزن، بەڵام بە دوای مەسەلە گشتییەکەوە نین و لەو بارەوە پرۆژەیەکی تایبەتیشیان نییە.

هەوڵی حیزب و ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانیش زۆرتر پشت دەبەستنن بە هەل و مەرجی ڕۆژ و بە پێی ئیمکاناتی خۆیان و کەش و هەوای سیاسی دەجوڵێنەوە. ستراتیژیی نەتەوەیی، پلان و بەرنامە و لە کۆتایی دا پرۆژەی نەتەوەیی لە و هەوڵانەدا بەدی ناکرێ. هیچ کام لە حیزبەکان بە تەنیا ناتوانێ ئیددیعا بکا کە نوێنەری نەتەوەی کوردە، یا تەنانەت نوێنەری ئەو بەشە لە کوردستانە کە چالاکیی سیاسی تێدا ئەنجام دەدا.

بۆیە بەداخەوە دەبێ بڵێم کە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە کان و لە لای دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان هیچ نوێنەرێکی هەموو نەتەوەی کورد چالاک نییە. کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بەسەر کۆمەڵێک حیزب و لایەن دا بەش بوون و زۆرتر خەریکی ناساندنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانن تا ناساندنی گەلی کورد و مافە پێشێلکراوەکانی. ئەگەر وەزعی کوردەکانی هەر وەڵاتەش بە جیا چاو لێ بکەین مەسەلەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکا. ئەوەندە جیاوازییە نەبێ کە سەبارەت بە باشووری کوردستان ئیشارەمان پێ کرد.

دیارە دەبێ ئیشارە بەوە بکەم کە ئەگەر لە ئاستی حیزبی دا چاوی لێ بکەین، زۆر کار کراوە. بۆ وێنە کوردەکانی باشوری کوردستان هەر لە شەستەکانەوە، لە ڕێگای نوێنەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، سەرۆک مستەفا بارزانی و پارتی دێموکراتەوە چالاکیان هەبووە. یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە حەفتاکانەوە بەرێبەرایەتی بە ڕێز مام جەلال چالاک بووە. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە حەفتاکانەوە لە ڕێگای نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە پێشەنگی شەهید دوکتور قاسملوو زۆر چالاک بوون و لە نەوەدەکانیشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان و دام و دەزگاکانی سەر بەو پارتە بۆ باکووری کوردستان زۆر چالاک بوون. ئێستاش کە خەڵکێکی زۆری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە تاراوگە دا دەژین، هەرچەند بە ناوی حیزب و ڕێکخراویشەوە بێ، بەڵام چالاکیی بەرچاویان هەیە. لەو ساڵانەی دوایی دا کوردەکانی باشووری بچوکیش واتە کوردستانی سوریە لە زۆر مەیدان دا چالاکن.

هەرچەند ئێستاشی لە گەڵ بێ کوردەکان هەوڵیان نەداوە سەر بە هەموو ئەو دام و دەزگا و ناوەندە نێو نەتەوەییانە دا بکەن کە بۆ دەنگدانەوەی مەسەلەکەیان زۆر گرنگن. بۆ وێنە دیپلۆماسی و لابی گەریی کورد لە مێدیای دەرەوە دا لاوازە. هەروەها لە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلانی دنیادا و لە بۆند یەکییەتییەکان دا جێ پێی کورد زۆر دیار نییە. دیارە پێویستە ئەوە بڵێین کە حیزبی دێموکڕات لەو بارەوە دەکرێ بە پێشەنگ دابنرێ. بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و بە درێژەدانی ڕێگای ئە و توانراوە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی نێو نەتەوەیی دا کار بکرێ و تا ئێستا هەنگاوی باش هە ڵێنراوە. لە دوای لەتبوونیشەوە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان(حدک) هەوڵی زۆری داوە کە ئەو حزوور و پەیوەندییانە درێژە پێ بدا، باشتر ئۆرگانیزەیان بکا و تەنانەت بەر بڵاوتریشیان بکا. دەکرێ بڵێین کە لە زۆر بواردا سەرکەوتووش بووە و ئەنجامی باشی بە دەست هێناوە. هەرچەند بەداخەوە لە تبونیش لە هێندێک بواردا شوێنەواری نامەتڵوبی خۆی نیشان داوە و کاری دیپلۆماسیی دژوارتر کردووە.

کارێکی زۆر گرنگ کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان توانیویەتی بیکا ئەوەیە کە خەباتی حیزب و جووڵانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک خەباتێکی دێموکڕاتیخوازانە و جووڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانە ناساندوە، کە پشت بە کۆنوانسیۆن و قەرارادە نێو نەتەوەییەکان دەبەستێ لە بەرخورد لەگەڵ مافی مرۆڤ دا. زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانی وەک ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئینتەرناشیۆناڵی سۆسیالیست، یەکیەتی ئورووپا، لیبراڵ ئینتەرناشناڵ، ڕێکخراوی ژنێفا کاڵ و ... هتد و تەنانەت دەوڵەتە کانیش ئەو ڕاستییە یان نیسبەت بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان قەبووڵ کردووە.

حدک لەو ماوەیە دا هەوڵی داوە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بەر فرەوانتر، کانالیزە و بەردەوامتر بکا. بەتایبەت کە زۆرتر بەشیوەی ئۆرگان کار کراوە تا فەردی و پەیوەندییەکان بەو ئاراستەیەدا تەنزیم کراون کە ببنە پەیوەندیی نێوان ئۆرگان و ئۆرگان. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوی حیزبی لێیە کارکراوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوی حیزبی و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ. هەروەها گرنگیی تایبەت دراوە و دەدرێ بە هێندێک ناوەندی وەک پارلەمانی ئورووپا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(ژنێڤ)، لەندەن و ئەمریکا وەک دوو ناوەندی گرنگ.

لە ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانیش دا یە کیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان توانیویانە زۆر باش جێگای خۆیان وەک دوو ڕێکخراوی کوردی کە دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانیان بەدەستەوەیە و لە ڕاددەی عێراقیش دا نفووز و شوێنکارێکی گەورەیان هەیە. یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان تەنانەت ئەندامی ڕەسمی ئینتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستیشە.




بەڵام هەموو ئەو هەوڵ و چالاکییانەش نەیان توانیوە نرخی تەواوی خۆی بە دیپلۆماسی نەتەوەی کورد وەک نەتەوە بدەن. کورد ئەگەر بیهەوێ مەسەلەکەی خۆی بە جیهانی بکا و لە دەرفەتێکی گونجاو دا مافی نەتەوەیی خۆی بە جیهانیان بقەبوڵێنێ، پێویستە نوێنەرایەتی نەتەوەیی هەبێ و هەر بەو ناوەشەوە خۆی بە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و هەروەها ناوەند و دام و دەزگا نێو نەتەوەییەکان بناسێنێ. جێگای خۆیەتی بە کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەو سەرکەوتنەکانی گەلانی دیکە ئێمەی کوردیش لە مەسەلەکەمان ببینە خاوەن و خۆ دەرباز کەین لە چوارچێوەی تەسکی بۆچوونی حیزبایەتی. هەوڵەکان چڕ کەینەوە لە سەر ناساندنی مەسەلەی کورد بە جێگای ناساندنی حیزب و ڕەقابەتی حیزبی لە و بوارەدا.

لە و ٣ نموونەیەی کە لە بە شەکانی پێشودا باسیان کرا کەڵک وەرگرین و هەنگاوەکانی ئەو نەتەوانە ی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بکەینە دەرس بۆ تێکۆشانی خۆمان. ئەوەش تەنیا بەوە دەکرێ کە : حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەرنەبێ لە دەرەوەی وڵات یەکبگرن و نوێنەرایەتییەکی کوردستانی پێکبێنن. لابی گەری نەتەوەیی دەست پێ بکەن و مەسەلەی کورد بخەنە ڕۆژەوی ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانەوە.

دیارە ئەوەش هێچ ڕێگا لەوە ناگرێ کە هەر حیزبەش بە جیا خەباتی دیپلۆماسی و سیاسیی خۆی درێژە پێ بدا و لە کۆڕو کۆمەڵە و بۆندە نێونەتەوەییەکان دا جێگای خۆی بکاتەوە. ئەوە نەک تەنیا بەزیانی مەسەلە گشتییەکە نییە، بەڵکو زۆر یارمەتیش دەکا بە کاراتر بوون و بەهێزتر بوونی مەسەلە گشتی یەکە.

سەرچاوە Serchawe



# یادیک لە پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ

## ١٩٣٠ - ٢٠٠٧

شاکرۆ خدۆ محۆ ساڵی ١٩٣٠ لە ناوچەی ئەلەگەز، لە دایک بوو. ساڵانی ١٩٥٢ ـ ١٩٤٨ لە زانکۆی یەریڤان بەشی مێژووی تەواو کرد.
لە ١٩٦٠ـ١٩٥٥ وەک جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی " رێیا تازە" کە بە زمانی کوردی لە ئەرمەنستان دەردەچوو، کاری کرد. ساڵی ١٩٦٣ بڕوانامەی دوکتورای وەرگرت. تێزی دوکتوراکەی لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراق پاش شەری جیهانیی دووهەم بوو. ئەم زانایە لە ساڵی ١٩٧٨دا لە موسکۆ تێزێکی دیکەی لە بارەی کێشەی ئۆتۆنۆمیی کورد لە عێراق نووسی. لە ١٩٩٤. ١٩٨١ وەک لێپرسراوی بەشی کوردی لە ئەنیستیتۆی رۆژهەڵاتناسی لە یەریڤان خزمەتی کرد. شاکرۆ محۆ ساڵی ١٩٨٥ بوو بە پرۆفیسۆر و، ساڵی ١٩٩٦ بوو بە خاوەنی پلەی ئاکادیمی زانستیی ئەرمەن کە بەرزترین پلەی زانستییە لەو وڵاتەدا.
پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا لەگەڵ کۆمەڵێک لە زانایانی بە ناوبانگی کوردی دیکە، ناوەندی لێکۆلینەوەی کوردیان لە موسکۆ دروست کرد کە لێکۆلینەوەکانی زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ کورددا بوو. پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ ژیانێکی پر بەرهەم و تەمەنێکی پڕ لە خزمەتی زانستی هەبوو. زیاتر لە ٢٠ کتێب و نامیلکەی جۆراجۆری پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردوە. لە کۆرو کۆنفرانس و کۆنگرە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە کوردا، بە باس و لێکۆلینەوەی زانستییەوە بەشدار بووە و بە بیر و قەڵەم و زانست و پسپۆرییەکەی لە خزمەت بەرەو پێشچوونی کێشەی رەوای نەتەوەکەیدا بوو.
پرۆفیسۆر شاکرۆ خەڵاتی زێرینی پیرەمێردی ساڵی٢٠٠٤ ی لەرێورەسمێکدا لەشاری سلێمانی پێشکەش کرا
زانای بە ناوبانگی کورد، پرۆفیسۆر شاکرۆ محۆ، بەرەبەیانی رۆژی پێنج شەممە ١ی فیوریەی ٢٠٠٧ (١٢ رێبەندان) لە نەخۆشخانەیەکی شاری موسکۆ ماڵاوایی لە ژیان کرد.
بنەماڵەی شاکرۆ محۆ لەو بنەماڵە کوردە ئێزیدییانە بوون کە بە دوای هێرش و قەڵاچوی کوردان و ئەرمەنەکانەوە لە سەدەی ١٩دا، لە قارسەوە، کۆچیان کرد و لە ئەرمەنستان گیرسانەوە




# یادیک لە شاعیر و نوسەری تێکۆشەر مارفی ئاغایی

## ١٩٦٦ - ١٩٩٨

مارف ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی "وەزنێ"سەر بەشاری نەغەدە - ناوچەی "سندووس" لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوە.
کورِی حاجی محەمەدی ئاغایی لە بنەماڵەی " پاشایی"یە.خوێندی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری نەغەدە تەواو کردۆ.
لە گەرمەی خوێندنی ناوەندی دا لەگەڵ بنەماڵەکەی چوونەتە "شنۆ".لەوێش لە قۆناغی ئامادەییدا کە تێیدا ساڵێک زیندانی کراوە ،لە خوێندن دابڕاوە.
ساڵی ١٩٨٥ هاوکات لەگەڵ دامەزرانی بنکەی ئەدەبی و فەرهەنگی و گۆڤاری "سروە"دەستی بە بڵاو کردنەوەی شێعر و بەرهەم کردوە و دوو ساڵ دواتریش لە هەمان گۆڤار بۆتە ئەندامی دەستەی نووسەران.
ئاکامی تەقەلاکانی بوە مایەی بەرفراوان بوونی جۆغرافیا و خوێنەری گۆڤاری "سروە".
ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ ئازەری سەمسامی ژیانی هاوبەشی دەست پێ کرد و کچ و کورێکیان بە نێوی شەونم و پەیام بوە.
لەو ساڵانەی دوواییدا بە تاسەوە حەولی خۆفێر کردنی زاراوەکانی زمانی کوردی دەدا و لە هەمان کاتیش دا لە ماوەیەکی کورت دا فێری زمانی ئینگلیسی بوو و ئاکامی ئەو تەقەلایەش وەرگێرانی کتێبی "ناسیۆنالیستی کورد" بوو لە ئینگلیسیەوە بۆ کوردی.
رۆژی ٣٠ رێبەندانی ١٣٧٦ رێکەوتی ١٨ ی فێبریەی ١٩٩٨-دووی گەرِانەوەیان لە پرسەی "مینا خانم"ی خێزانی " پێشەوا قازی"،لەگەڵ دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە،لە مەهابادەوە بەرەو ورمێ،لە کاتێکدا لەگەڵ هاورێکانی لە رِەوتی پەنجاساڵەی ئەدەبی کوردی دەدوا،بە کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمۆبیل،لەگەڵ دوو هاورِێی تری دا ،کاک جەعفەری قازی و کاک سەرتیپ مەنسووری ،دڵە سەوز و پرِ ئەوینەکەیان لە لێدان کەوت.
مارف جگە لە تەرجومەی کتێبی "ناسیۆنالیزمی کورد" کتێبی شێعر و چێرۆکەکانی بە نێوی "زەوی سەخت و ئاسمانی دور"پاش مەرگی بڵاو بۆتەوە.




### " پەیام"

ئێمە گەڵاین
هەر بەسەوزی هەڵدەوەرین
مناڵین و
هەر لەلاویدا پیر دەبین
جاران خەڵکی وڵاتێک بووم
پاشان بووم بە خەڵکی شارێک
دواتر گوندێک، پاشان ئەشکەوت
ئێستا خەڵکی قوژبنێکم کە لەشم بشارێتەوە
جاران عاشقی فێعلێک بووم بە ناو"بارین"
کاتێ دەمبیست بە تاو هەڵدەهاتمە شەقام
یا بەفر بوو یانیش باران
بەڵام ئێستا کە بارینم گوێ لێ دەبێ
سام دەمگرێ
چونکە نازانم گولەیە یان تۆپ باران




# یادیک لە نیشتمانپەروەری کور ئەحمەد موختار بەگی جاف

## ١٨٩٦ - ١٩٣٥

ناوی ئەحمەدی کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جافە. ساڵی ١٨٩٦ لەهەڵەبجەلەدایک بووە. ئەحمەد موختار بەگ بەلێکدانەوەی ئەبجەدی دەکاتە ١٣١٦ی کۆچی کەبریتییە لە مێژووی لەدایکبوونی و بۆیە ئەو ناوە نراوە .

هەرچەندە دەرچووی قوتابخانەو خوێندنگا باڵاکان نەبووە، بەڵام مرۆڤێکی زیرەک و وردبین بووە .

بێجگەلەزمانی کوردی، فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزی زانیوە. تەنانەت بەزمانی فارسی چەند هەوڵێکی شیعریی هەیە، خۆی و تایەر بەگی برای بەدوو شاعیری گەورەی کورد دەژمێردرێن .

ئەم شاعیرە بەتوانایە لە هەموو بوارەکاندا شیعری وتووە و هەڵبەستە نیشتمانییەکانی لەریزی پێشەوەی هەڵبەستە نیشتمانییەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردوو دادەنرێن .

پاشان ئەگەر سەرنج بدەینە شیعرەکانی(ئەحمەد موختار جاف) هەموویان بڵێسە و گری عەشقی نیشتمانی و نەتەوەی کوردیان پێوە دیارە هاندەرن بۆ خەبات و تێکۆشان دژی داگیر کەرانی کوردستان بە ئینگلیزەکانیشەوە کە خانمی دایکی هاوپەیمان بووە لە گەڵیاندا (ئەحمەد موختار جاف) هەر لە سەرەتای لاویوە خولیای فێربوون و خوێندن بوە خەبات و بەرەنگاری لە بیر وهۆش و هزریا هەمیشە هانی داوە بۆ نوسین و خوێندن و بیرکردنەوە و کاری چاکە و یارمەتی و هاوکاری هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە.



ئەم پیاوە جوان و شیک و پێکەوتووە سوارچاک بووە هەرچەندە لە حەرەم و دیوەخان و تەلار و تارمەی ماڵی وەسمان پاشادا پێگەیشتووە وبەڵام لە هەڵس و کەوت و پەیوەندی یەکانیا لەمانا و ناوەرۆکی شیعرەکانیا لە هۆ و ئەنجام و کرۆکی رۆمانەکەیدا بە ناوی (مەسەلەی ویژدان)کە باسی (زۆراب)ی بی باوک ئەکات بەرگی شازادەیی و بەگزادەیی بیر و هۆش و فەنتازیاتی ئەرستۆکراتیانەی خۆی دائەماڵی و وەک پیاوێکی دەروێشی میللەت و قەڵەم خۆی نیشان ئەدا وئەبینرێت بۆیە هەمیشە دژی نیزام و داب و دەستوری حکومەتی عێراق و خزمەکانی خۆیشی بووە وە هەر لەو پێناوەدا بۆ دواجار بریار ئەدات بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانە دژی حکومەتی عێراق بەرپا بکات بۆیە واز لە ئیسراحەت و دیوەخان و سەروەت و سامان دێنی و ئەچێتە دەرەوە پەیوەندی ئەکات بە زۆر کەسایەتی ئەو کاتەی ناوچەی هەڵەبجە وهەورامانەوە لەوانە (شێخانی عەبابەیلی بەتایبەتی شێخ رشید وە بەگزادەکانی هەورامان وەکو جەعفەر سوڵتان) وە بۆ ئەو مەبەستەش ئەچێتە (نەوسود). ماوەیەکی زۆر لەوی ئەبێت ، هەرچەند جەعفەر سوڵتان لەگەڵ ئینگلیزەکان ئەبێت بەڵام حورمەتی زۆری لی ئەگرێت .



ئەحمەد موختار جاف هەمیشە دڵشاد و روو خۆش و دەم بە خەندە و گەشبین بووە ، زۆربەی کات لەگەڵ خوێندەوار و شاعیر و دەنگ خۆش و هونەرمەند و ئەدەب دۆستان پەیوەندی هەبووە . شەوانە کۆر و کۆمەڵ و دانیشتنی تایبەتی بۆ ساز کردوون لە دیوە خاندا ، لەوانە (گۆران ، قانع ، ناتیق ، کەمال عەلی باپیر ئاغا ، شێخ نوری شێخ ساڵح ، عەلی ئەسغەری کوردستانی ، وەفایی ، ....زۆری تر).

کۆمەڵی خەڵکی باوەر پێکرا و مەحرەمی لەگەڵدا بووە هەم لە ماڵەوە و هەم لە دەرەوە بۆ هاتوو چۆ و دانیشتن و خواردنەوە ی باخی میر و .... زۆر شوێنی کە لەوانە ( باقی حاجی مراخان کە خاڵی بەندەیە ، مەجیلان ، حەمە ێالح لوو لوو ، مینەی لوولەک ژەن ، حەمە عەلی ئەحمەی سلێمان ، ناجی حاجی مراد خان کە ئەویش خاڵی بەندەیە.... زۆری کە).

ئەم پیاوە خۆی بە دەستی خۆی بە گووریس ئەرزی خۆی دابەش کردووە بۆ خەڵک بە بی بەرامبەر!!!! زەوی خەلات کردووە بۆ یەکەم خوێندنگای شاری هەڵەبجە ، پاشان خۆی بووەتە بەرێوەبەری کۆمەڵەیەکی خێرخوازی بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ دروست کردنی بینا و رێکخستنی کەشافەو ئەو کارانەی کەنیشانەی شارستانی نوی بوون لەو کاتەدا.

(ئەحمەد موختار جاف) جگە لەوەی کە بە پێشمەرگەی شاعیران ناسراوە ، لە هەمان کاتدا پیاوێکی جوان و عاشق و دڵ ناسک بووە شیعری دڵداری و پر لە ئەوینی لەگەڵ شاعیرانی کەدا هەیە .

(ئەحمەد موختار جاف) چوار ژنی یەک لە دوای یەک هێناوە ، یەکەمیان (رەعنا خان کچی حاجی قتاح )کە لە هەڵەبجە رەئیسی بەلەدیە بووە . لەم ژنەی (ئەفراسیاب و شەمسە خان)ی ئەبێت ، دووەمیان: (مەلیحە) ناوێک لە بەگزادەکانی هەورامان بووە ، تەنها بۆ یەک شەو مارەی کردووە کچێکی لی ی بووە بە ناوی(هوما)وە کە لە تارمەکەی ماڵی وەسمان پاشاوە دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێت باجی ئامینی دایکی حەمە رەحیم ماچۆ ئەم کچەی بەخێو کردووە، سی یەمیان: (حەبیبە خان)ی کچی (عەلی بەگی بابان) کە ئامۆژنی (ئەحمەد بەگ) خۆی ئەبێت(ژنی مەحموود پاشا بووە)، مناڵی لی ی نەبووە.چوارەمیان: (فاتمە خان) کەخەڵکی گوندی نۆتشەی هەورامانی ئێران دەبێت ئەو کاتە کارەکەری (رەعنا خان) بووە ، لە فاتمە خان سی مناڵی ئەبێت بە ناوی (رووناک ، حەمیدە ، غاندی).

ئەحمەد موختار بەگ لەبەرئەوەی لەبنەماڵەیەکی دەسەڵاتدار و بەناوبانگی جافە، تێکەڵی ڕامیاری و کاروباری دەوڵەتیش بووە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسایەتییەکی خۆشەویست و خێرەومەند بووە و ماوەیەک قائیمقامی هەڵەبجە بووە، دواتر لەئەنجومەنی دامەزراندنی عێراق و لەئەنجومەنی نوێنەراندا ئەندام بووە .

مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣٥ لەڕووداوێکی دڵتەزێندا تیرۆرکرا و لەگوندی "عەبابەیلێ"ی نزیکی هەڵەبجە بە خاک سپێردرا

==========================================================================

پاشماوەی لاپەرەی : ١٥

٣٧- ڕاستەی بانەیی (شەڕ لە شاخ و سەرمادا)

٣٨- چەپی بانەیی (شایی لە شاخ و دوای کۆتایی شەڕ)

٣٩- دوو پێی بادینانی (تەیار بوونی هێزەکان بۆ شەڕ)

٤٠- لەبلانی موکریانی ( پانسمان کردنی بریندارەکانی شەڕ و بەستنی پێی بریندار و هێرش بردن سەر لە نوێ)جێگای ئاماژەیە کە زیاتر لە سەد جۆرە هەڵپەرکێمان لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە کە ئێمە لێرەدا تیشکمان خستۆتە سەر چل جۆرە هەڵپەرکێ.

هەڵپەرکێ ئاساییترین دیاردەی بوونە، بەر لە سەرهەڵدانی مرۆڤ رازی پێوەندیی نێوان کائینات بووە زەوین جیا لە سووڕانی ئاسایی خۆی لە ڕاستای شوێنلا دیاری کراویدا بە جوانترین شێوە دیمەنی سەمایانەی هەیە و هەروەها ناز و خەمزەی مانگ بە دەوری زەوین و چۆنیەتی و چەندایەتی جووڵەکانی ئەستێرەکان و مانگە کە بە جوانترین شێوە بە دووی یەک کەوتوون. هەڵپەرکێ تووندی مەنزوومەکان و کاکێشانەکان و باڵی جوانی بەشەکانی دیکە هەموو ئەمانە نەزمێکی هاوئاهەنگ لە جووڵە و هاتووچۆی ڕێک و پێک دەردەخسێنن و بە بێ ئەم هەڵپەرکێ و سەمایە، پێوەندی بوون و ژیانی ئەوان و بە گشتی بوون و ژیان پێک نەدەهات و بەردەوام نەدەبوو. چونکە هەڵپەرکێ رەمزی بوون و مانەوەیە. ماویەتی

# هەڵپەڕکێ نەریتێکی کوردەواری

بەشی دووهەم

عەبدوڵڵا سادقی

تاوەکوو ئێستا روون نەبۆتەوە کە کام یەک لە سێ هونەری شێعر، موسیقی و هەڵپەڕکێ لە سەرەتاوە سەریان هەڵداوە. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم سێ هونەرە بەردەوام تەواوکەرو تێکەڵی یەکتر بوون و لە هەر کات و ساتێکدا یەکیان بوونی هەبووبێ بە دڵنیاییەوە ئەوانی دیکەش هاوکات لە تەنیشتی دابوون.



شایی و هەڵپەڕکێ جۆرە دەربڕینێکی خۆشییە، هونراوەی ئەم گۆرانیانەش هەموویان فۆلکلۆرین و بە پێی ناوچە و شوێن و جۆری شاییەکە دەگۆڕێ و ئەگەر لێکۆڵەران و ئەدیبانی کورد زوو فریایان نەکەون دەفەوتێن و لە کیسمان دەچن، نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆر دا ئێجگار دەوڵەمەندترە بە تایبەتی هۆنراوەی هەڵپەرکێش کە یەکێکە لە کۆنترین و رەسەنترین هونەر و فۆلکلۆرەکانی کوردە کە دەبێ بۆ پاراستنی هەوڵ بدەین.

پێشینانی ئێمە ئەم سامانە گشتییەیان لە چەند هەزار ساڵ پێشەوە تا ئێستا بۆ ئێمە راگرتووە، نەیان هێشتووە کە بفەوتێ بەڵام ئەگەر پشت گوێی بخەین زۆر ناخایەنێ کە تۆویان دەبڕێتەوە ئەگەرچی ئێستاش زۆریانمان لێ ون بووە.

لە بەر ئەوەی نەنووسراونەتەوە و زۆریان تا ئێستا لە سنگی پیرە شایەرو پیرە مێردەکانماندا ماونەتەوە دەبێ هەرچی زووتر فریایان بکەوین باشترە تاوەکوو لە کۆکردنەوەیان دوا بکەوین. ماندوو بوونێکی زۆری دەوێ تاکوو نەهێڵین پیرەکانمان لەگەڵ خۆیان بیبەنە ژێر خاک.

هەڵپەڕکێ بە هۆی فاکتۆری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دووری و نزیکی تەنانەت تێکەڵاو بوون لەگەڵ زۆر هۆکاری دیکە لە هەرێم و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ئاڵوگۆڕی بە سەر داهاتووە. لە بەشێک ناوچە هێندێ هەڵپەڕکێی تایبەتی هەیە کە لە بەشەکانی دیکە بەرچاو ناکەون و نین.

نەتەوەی کورد وەک زۆر نەتەوەی دیکەی جیهان هەر لە سەرەتاوە شێعرو گۆرانی و هەڵپەڕکێ بەشێک لە ژیانی بووە بە جۆرێ کە سەرەڕای شەڕو ماڵوێرانیی بێ پسانەوە کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی گرتووە، نەک هیچ کات ئامادە نەبووە مل بۆ فەرهەنگی ماتەم و شیوەن رابکێشێ بەڵکوو هەر دەرفەتێکی بۆ رەخساوە دەستی داوەتە گۆڤەندو زەماندو شایی و هەڵپەڕکێ بێجگە لە زەماوەند کە بە بۆنەی دەست پێ کردنی ژیانی هاوبەشی کچ و کوڕ یا ژن و پیاوێکەوە بەڕێوە دەچێ.

کۆمەڵگەی کوردی ئێمە لە بناخەڕا خاوەنی یەکیەتییەکی فەرەنگی نەتەوەیی و بنچینەدارەو بێ شک لەنێو ئەو فەرهەنگە جۆراوجۆرانەی کە لەم دنیا بێ سنوورە دا هەیە، فەرهەنگی ناوچە کورد نشینەکان خاوەنی مێژووییەکی دێرین و پێگەیەکی زۆر بەرچاون. بە واتایەکی دیکە

لەو فەرهەنگانەیە کە ریشەیان لە قووڵایی مێژوودایە.

فەرهەنگی ئەو ناوچانە خاوەن جێگەیەکی تایبەتین و هەر بەم بۆنەوە دەبێ سەرنجێکی زۆرتریان پێ بدرێ. چونکە لە هەر کۆمەڵگەیەک دا ئەگەر ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە نەزانن کێ بوون و لە پێشینەی مێژوویی خۆیان ئاگادار نەبن، خاترجەم ناشارەزایان لە میللەتی خۆیان. ئەم گەڕانەوە سەرخۆیە و ئەم گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتییەکان هۆی دەستەبەربوون و مانەوەو بەردەوام بوونی ئەو میراتەی کۆمەڵگەیە.

پێداچوونەوە بە هونەرە فۆلکلۆرو سوونەتیەکانی ناوچەیەک لە جێگرتنی ئەو ناوچەیە دا زۆر گرینگە.

هونەرە فۆلکلۆرو خۆماڵییەکان بە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و باوەڕ و پێوەندی نەتەوەیی و ئایینی، مێژووی زەینی و مادی دێنێتە ئاراوە و وا دەرکەوتووە یەکەم شوێنەواری مرۆڤی سەرەتایی کە بە وتەی ئیمرۆیی مرۆڤی کەرەستەچێکەر و مرۆڤێک کە شیاوی نرخگەلی بەرهەم هینان و ئافراندن بووە. هەر نەبێ لە چەندهەزار ساڵ پێش لە ناوچەی زاگرۆس و کوردستاندا بە درووستی هەستی پێکراوە و ئەم شوێنەوارە ئێستا ڕازێنەرەوەی مووزەکانی ئێران و جیهانن. هونەری فۆلکلۆری کوردەکان شتێک نیە جگە لە کەرەستە چێکراوەکان و هۆنینەوەکان و پەروەردەی جۆراوجۆرو هەمەچەشنە، کە لە رەوتی زەماوەندا وەک کەرەستە هۆگەلێک بۆ تێپەرکردن و بژێوی ژیان هاتونەتە ئاراوە و هەر لەو کاتەدا تەواوکەری کارو ژیانی مرۆڤ بوونەو بێ ئەوەی بۆخۆیان بزانن رەسەنترین و پاکژترین بیرو باوەڕی خەڵکیشیان لەخۆیاندا جێ کردۆتەوە.



سروود و گۆرانیی ئەو کاتە و پەند و مەسەلەکان لە لایەک و لەلایەکی دیکەوە هونەرە تاکەکەسی و گشتییەکان و سەنعەتی دەستی و نەخشییەکانی هەمەچەشنەو بێ ئەژمار و نەخشێندراو لەسەر شتە هەلکەنراوەکان و پەیکەرە تاشراوەکانی ناوچە کوردنشینەکان بە نیشانەی دەرخستنی جەوهەری رۆحی فەرهەنگ و ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕو پەند و ئاواتەکەمان و هەروەها داب و نەریت و روانگەکانی ئەوانە.

خەڵکێک کە لە گێرەو کێشەی مێژوو و هەوراز و نشێوی زمانی و دەنگ و رەنگی خۆیانەوە مێژووی فەرهەنگی زەینی خۆیان تۆمار کردووە.

(کوردەکان نەتەوەیەکی کۆن و ئارییایین).

دروست بوونی فەرهەنگی خۆماڵی ناوچە کوردنشینەکان دەتوانین بە هۆگەلێکەوە ببەستینەوە کە لە زەماوەندا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی بەو دیاردەیە بەخشیوە و رەنگ و بۆنێکی فۆلکلۆرو خۆماڵییانەی پێ داوە . هۆی گرنگی سەرهەڵدانی هونەرە سوننەتییەکانی کورد، کۆیستانی و بەرچاو بوونی شوێنی ژیان و پێکەوەسازانی ئەوان لە سەردەمە ناسراوەکانی مێژوودایە، بووژاندنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بەڕادەیەک بووە کە نەک هەر لە دۆزگەلی داکۆکی لە بایەخەکان، لە درێژایی مێژوودا خۆی نواندووە بەڵکوو لە شەش هەزار ساڵ لەمەو پێش توانیویە لە ناوچەیەکی زۆر بەربڵاودا مانەوەی بەردەوامی خۆیان رابگەینن و بایەخی باش بە دەست بێنن و ئەوان ئاوێتەی بەهاو بایەخەکانی نێوخۆی بکا. کەوابوو سەبارەت بە هەڵپەڕکێ مێژوویەکی دروست و کۆکراو بو ئەم هونەرە ڕەسەنە و ئارییاییە نادۆزرێتەوە.

هەر ئەوەندە بەسە کە کوردەکان بەپێی خواست و پێداویستی رۆژانە لە درێژایی مێژوودا تێکەڵی ئەم هونەرە بوون لە هەموو رێورەسم و بەرنامە کومەڵایەتییەکان دا کەڵکی لێ وەرگیراوە و ئەمرو دەبی بلێین کۆکراوە رێک خراوە.

بە پێی ئەم ڕاڤە کورتەی کە لەسەر سەرهەڵدانی هونەرە فۆڵکلۆر (خۆماڵی)یەکانی کوردی کرا. شی کردنەوە و لێکدانەوەی لایەنە حیماسی و رەزمییەکانی جووڵە و ئاهەنگەکانی تایبەت بە شوێنێکی دیاری کراو نییە بەڵکوو تایبەت بە هەموو ناوچە کوردنشینەکانە. ئێستا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم جووڵە ئایینی سوننەتییە کە بەناوی هەڵپەڕکێ دەرکەوتووە دەخەینە بەرباس.

هەروەک لە واتایی وشەی (هەڵپەرکی) دا دەردەکەوی ئەم جووڵەیە جووڵەیەکی رەزمی و حیماسییە. هەڵپەرکێ یانی هەڵبەزدابەز، خۆهەڵاویشتن و هێرش بردن. هەڵپەڕکێ یا ئەو جووڵە هاوئاهەنگە بە واتای «رەقس یان سەما» نیە، چونکە رەقس بۆ خۆی وشەیەکی عەرەبییە خزیوەتە نێو ئەدەبیاتی فارسیەوە، ئەو جار هەڵپەرکێ جووڵانەوەی لەش و ڕواڵەتی کەس پیشان دەدا بەڵام چونکە بۆ وشەی هەڵپەڕکێ هاوتای فارسی نییە، ناچار «رەقس» و سەمای کوردی ناودەبردرێ کە ئەو بۆچوونە دروست نییە.

هەڵپەڕین لە دەست وپێ و جووڵانەوەی مرۆڤدا نابیندرێ و بەگشتی هەڵپەڕکێ دیارەیەکە کە ئاما و کردەوەی شەڕ دەسەلمێنێ. بەپێی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی مێژووی ئایین و ئەفسانەکانی ئێران و هەروەها

سەرچاوە Serchawe

خوێندنەوەی شوێنەواری وەدەست هاتوو لە شوێنە مێژووییەکانی وەک زێویە لە پارێزگای سنە و هەروەها بینینی نەخشی سەر ئاسەوارو ئەشکەوتە دۆزراوەکان دەبینین کە هەڵپەرکێ رەچەڵەکی لە ئایینی میترادا هەیە. جارناجارێک شەرێک دەقەوما، شەرکەرەکان لە کاتی گەرانەوەدا لە شوێنێکی بەربڵاو و رووله هەتاودا کۆدەبوونەوە و دەستیان دەکرد بەگێرانەوەی رووداوی شەرەکە. دیارە بە چەشنی جووڵەی شانۆیی بەپێی بەراوەردی ئەو جووڵە شانۆییە دەردەکەوت کە هەڵپەرینی ئەمرۆی کوردی لە چاخەکانەوە بەمیرات ماوە و لەکۆنەوە هەموو جووڵەکانی هەڵپەرین جووڵەی رەزمی وحیماسی بوون کە مرۆڤ لە درێژایی شەردا ناچار بووە بەکاری بێنێ.

لە شەردا تەداروکات، تەیاربوون، مانۆردان، دارشتنی چوارچێوەی گشتی شەر و بەرێژی کردنی هەموو چەشنە هێرشیکی شەر، بریندار بوون، کوشتەدان هاندانی سەربازو هێزە رەزمی یەکانی، بردنەسەری وردی بریندارەکان، سەرکەوتن یان شکست خواردن و پاشەکشەکردن و لە ئاکامدا کۆتایی شەرەکە هەمووی ئەو کردەوانە لە جموجۆڵە هاوئاهەنگەکانی هەڵپەرکێی کوردیدا جێ کەتوون و هەموو قۆناغە ناوبراوەکانی رەزمیی هەڵپەرکێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کرماشان، ئیلام و هەموو ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان و وڵاتانی باکوور و رۆژئاوای دەریاچەی خەزەر بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێ.

جموجۆڵەکانی هەڵپەرکێ بە لێدانی دەهوڵ بە نیشانەی خۆرو ژەنینی زۆرنا یان دوزەلە ونایە دەست پێ دەکا (جیگەی ئاماژەیە کە سازەکانی هەڵپەرین بریتین لە: دەهوڵ، زورنا، دووزەلە، دەف، زەرب) کە هەر ئەوە راگەیاندنی تەداروکی شەر و تەیار بوونی کەسەکانە بۆ شەر. پاشان سەرچۆپی کێش کە لە هەڵپەرین دا بە ئەزموون و کارزایە دەستمال لە دەستی دەگرێ کە پێش هەمووان کە بەپێی گەورە و چووکەیی دەستیان ناوەتەوە نێو دەستی یەکتر رادەوستێ و جموجۆڵە تایبەتییەکان بە ئاهەنگی تایبەتی دەست پێ دەکا کە ئەم جموجۆڵانە خۆی وەبیرهینەرەوەی فەرماندەیی و رێبەرایەتی ئەو کەسەیە بۆ تاقم یان چەند کەسانە وراگەیاندنی شەرو دەسمالی سەرچوپی کێش واتای شمشیر یان کەرەستەی شەرە. لە درێژەی بەرێوەچوونی رێورەسم دا هەموو جورە جووڵەیەک تایبەتییە رەزمی . حیماسی بە شیوەیەکی رێک وپێک بە ریتم ئاهەنگی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێ کە مانای گشتی ئەوان هەر ئەو وانەکانی شەرە.

هەڵپەرکێی میللی ناوچەیی بە ٤ بەشی سەرەکی دابەش دەکرێ:

١- شەر،

٢- کارو تێکۆشان،

٣- خەم،

٤- شایی و گۆڤەندو هەر کام لە ئەم چوار خاڵە بە چەند بەشی تر دابەش دەکرێن و لە هەر ناوچە لە ناوچەکانی کوردستاندا بە ناوی جۆراوجۆر کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ و بەرێوەدەچن. لێرەدا ناوی چل (٤٠) جۆرە هەڵپەرکێی رەزمی و حیماسی بە شێوەی رەسمی و پێناسە کراو باس دەکرێ.



١- گەریان (ئامادە بۆ شەر)

٢- پشت پا (نزیک بوونەوە لە دوژمن)

٣- فەتاح ئاغایی (هێرشی لە دوای یەک)

٤- لەبلان (دانیشتن و تیرهاویشتن)

٥- خانەمیری (شەپ لێدان «ناوچەی سنە و کرماشان»)

٦- سێ جار (هێرشی بە کۆمەڵ)

٧- شەلال لە سێ جار (بریندار بوونی فەرماندەر و یارمەتی لە لایەن یەکێک لە هێزەکان)

٨- زەنگی (هێرش بۆ پێشەوە)

٩- چەپی (سەرکەوتن و شایی)

١٠- دوو دەسماڵە (شایی و هێرشی پاشین بۆ دوژمن «سنە و کرماشان»)

١١- فەتاح پاشایی (شەری نەفەر بە نەفەر و پێک هەڵپرژاندن «سنە و کرماشان»)

١٢- هەوشاری (حەرەکەتی حیماسی و شوکرانە بژێری)

١٣- راستەی مەریوان (لە تەداروکی شەردا بوون)



١٤- سێ پێ (بە شەپ لەسەر دوژمن دان)

١٥- سمکۆڵان (ئامادە بوون بۆ شەر بە شێوەی سمکۆڵی ئەسب)

١٦- مەریوانی (شەری نەفەر بە نەفەر)

١٧- دیمەن (هێرشی پاشین لە حەرەکەتەکانی شەر)

١٨- قرە پیرێ ژن (شەرە جنێو و ژێر پێ نان «مەریوان»)

١٩- حەریرە (پشوودانی هێزی شەر)

٢٠- چەپی مەریوانی (شایی و هەڵفراندنی بیرورای گشتی بۆ شەر)

٢١- راستە (ئاهەنگی خەم هێنەر بە ئامێری شمشاڵەوە «مەریوان»)

٢٢- سێ جاری ناوچەی شیروان (لە حەرەکەتەکانی بەربەرەکانێ و شەر «کرماشان»)

٢٣- گەریانی مەریوانی (تەیار بوونی هێزی شەر بۆ هێرش بردن)

٢٤- شێخانی (لە حەرەکەتەکانی وەدووکەوتن و هەڵاتن «لە هەر ناوچە جیاوازی هەیە»)

٢٥- چەپی هەورامی (شایی و سەرکەوتن لە شەر بە حاڵەتێکی تایبەتی)

٢٦- سەقزی (رەدوونان و هەڵاتن لە شەردا)

٢٧- راستەی سەقزی (حاڵەتی بەربەرەکانێ و هێرش لە شەردا)

٢٨- چەپی سەقزی (شایی و سەرکەوتن «تایبەتی ناوچەی سەقز»)

٢٩- سێ پێی مەهابادی (شەر بە شێوەی پڵینگ و پشیلە)

٣٠- رۆنیە (شەر بە شێوەی هێرش کردن)

٣١- داغە (لەو پەری شەردا بوون)

٣٢- چەپی مەهابادی (گەرانەوە لە شەر)

٣٣- بەرزی بەرزی (شەر لە ناوچەی کوێستانی)

٣٤- رکنە (لە خۆ بردوویی و فیداکاری لە شەر دا)

٣٥- بە عینوانی (پاشەکشە لە مەیدانی شەردا)

٣٦- چەپی موکریانی (شایی و سەرکەوتن و بەرگری لە شەر) بۆ لاپەرەی : ١٣

سەرچاوە Serchawe



# چیرۆک بۆ منداڵان




## بەسەرهاتی جووجەلەیەکی وون بوو

نووسینی / حاتەم باتاسی

.. ڕۆژێک مریشکێک لەگەڵ کۆمەڵە جووجەلە جوانەکانی خۆی کە لە گوندێک ژیانیان بەسەر دەبرد وەکو هەموو ڕۆژانی تر لەماڵەوە دەرچوون بۆ ئەوەی بەدوای بژێوی ژیانو خواردنی ڕۆژانەی خۆیان بگەڕێن . ڕۆیشتن تا هەندێک لە گوندەکە بەدوور کەوتنەوە، یەکێک لە جووجەلە جوانەکان زۆر تینووی ئەبێت بۆیە هەر لەگەڵ گەڕانو سوورانەکە زۆر چاو لە هەندێک ئاو دەگێڕێت بۆ ئەوەی بیخواتەوە، بەڵام بێ سوود ئەبێت، هیچ ئاوێک نادۆزێتەوە تا وای لێ هات جووجەلە جوانەکە زۆر بێ تاقەت ئەبێت تەنانەت وای لێ هاتبوو لە ڕۆیشتن پەکی بکەوێتو لەگەڵ مریشکەکەو جووجەلەکانی تر دوا بکەوێتو لێیان دابڕێت . بەداخەوە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر بەشێوازێکی ئەوتۆ ملی ڕێگایان گرتبووە بەر هیچ ئاگایەکیان لەو جووجەلە جوانە نەمابوو، تا وای لێ هات لەیەکتر جیابوونەوە، ئەتوانین بڵێین جووجەلە جوانەکە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی ون بوو، لە چۆڵاییەک بێ کەسو بێ تاقەتو تینوو پڕ ترسو لەرز مایەوە .



...هێدی...هێدی...فرمێسکی لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە، هێندەی پێ نەچوو دوو جووجەلەی لەخۆی بەتەمەنتر ڕێگایان دەکەوێتە ئەو شوێنە بۆیە لێی دەپرسن:- جووجەلە جوانەکە ئەوە چیت لێ قەوماوە بێ کەسو تەنیاو بێ تاقەتو چاو پڕ لە فرمێسک دیاریت، چی دەکەی لێرە؟! جووجەلە جوانەکەش بەدەنگێکی زۆر نزم لە وەڵامدا بەسەرهاتەکەی خۆی کە چۆن وون بووە بۆ هەردوو جووجەلەکە گێڕایەوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا بە هەموو هێزو هۆشێکی خۆیان هاوکاری بکەن .



..بۆیە یەکێکیان وەک پاسەوان لای جووجەلە جوانەکە ئەمێنێتەوە یەکێکی تریشیان زۆر بە پەلە دەچێت بەدوای دۆزینەوەی هەندێک ئاو کە خۆی هەندێک شارەزایی ئەو ناوەی هەبوو تا ئاوەکە دەهێنێتو لەدەمی جووجەلە جوانەکە ئەکات تا تێر ئەبێت لە ئاو خواردنەوە ئینجا جووجەلە جوانەکە وەکو خونچەیەکی جوان گەشتر ئەبێتەوەو پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانی لەخۆی بەتەمەنتر ئەکات بۆ ئەو هاوکاریو یارمەتیەی کە لەو بارودۆخە ناخۆشە پێشکەشیان کردو بووە هۆی ڕزگاربوونیەوە. بەڵام جووجەلە جوانەکە هەر هێدی هێدی فرمێسکی لەچاوە جوانەکانیەوە دەهاتە خوارەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی جیابۆتەوەو یەکتریان وون کردووە . بۆیە هەردوو جووجەلەکان بەڵێنیاندا زیاتر بەهانای ئەم جووجەلە جوانە بچن تاوەکو ئەو فرمێسکە ناخۆشانەی کە لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە هەموویان ئەبێتە فرمێسکی خۆشی، بۆیە ئەمجارەیان جووجەلە جوانەکەیان لەگەڵ خۆیان بردو پێکەوە لەدوای ماوەیەک گەڕانو سووڕانو پرسیار کردن توانیان جووجەلە جوانەکە بە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر شاد بکەنەوەو ئەمجارەیان زەردەخەنەی خۆشی سەر لێوەکانی هەر هەموویان بگرێتو توند پڕ بەباوەش یەکتر ماچ بکەن، بەڵێ ئەمجارەیان فرمێسکە تاڵەکانی ناو چاوە جوانەکانیان هەموو بوونە فرمێسکی خۆشی، وە پێکەوە مریشکەکەو هەموو جووجەلەکان پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانیان کرد کە لەکاتی تەنگانەدا بەکەڵکیان هاتن.

************************************************************************

## زمانی کوردی

نووسینی: حاتەم باتاسی







ئەی مناڵینە، مناڵینە
زمانی کوردی دێرینە

شیرینە ئەو زمانە
ڕەسەنی هەموومانە

دووژمنان زۆر لەمێژە
لەداخا سەریان گێژە

هەول ئەدەن هەمیشە
تا دەربێنن لەڕیشە

بەڵام بەهیچ ناحەزی
ئەو زمانە نالەرزی

لەجیهان بی هاوتایە
نامری هەتا هەتایە




سەرچاوە
Serchawe



# تەندروستی



## کونجی ، بۆ سەلامەتی پێست سوودمەندە



ڕێبوار حەمەلاو.. بە ووتەی توێژەران ، ئەسیدی امێگا3 ی ناو " کونجی " بۆ سەلامەتی پێست و هەروەها بۆ گەشەسەندنی موو زۆر سوودمەندە. ئەو جۆرە حەلوایەی کە لە " کونجی" دروستکراوە بۆ لە خۆگرتنی ئاسن و روی و کالسیۆم زۆر سوودمەندە.

کونجی بۆ دابینکردنی کالسیۆم ، روی و ئاسنی ناو لەش زۆر سوودمەندە .

هەروەها لێکدانی کونجی لەگەڵ خوارکەکانی تر دەبێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندبوونی ئەو خواردنانە.ئەو منداڵانانەی کە بەد خۆراکن دایکەکان پێوستە لە ناو ژەمەکانیان خۆراک بگونجێنن.

کونجی ، لە رێژەیەکی زۆر امێگا3 پێکهاتووە کە دەتوانێت چەوریيە سوودمەندەکانی لەش دابین بکات و ئەوەش دەکات کە پێستێکی سەڵامەت مان هەبێت و هۆکاری گەشەسەندنی مووی سەر زۆر بکات.کونجی نا بێتە هۆی بەرزبوونەوەی چەوری ناوخوێن و هەروەها دەبێتە هۆی دابەزاندنی چەوری زیانبەخشی ناو خوێن.

## هەنگوێن و دارچین بەسوودن بۆ دابەزینی کێشی لەش



ئارێز ئەحمەد.. دەیان خۆراک یان میوە و سەوزە لە جیهان بوونیان هەیە کە بۆ دابەزینی کێشی لەش بەسوودن بەڵام هیچ کام لەو مادە خۆراکییانە وەک تێکەڵاوێک لە هەنگوێن و دارچین بەسوود نین بۆ دابەزینی کێشی لەش.

توێژەرانی بواری خۆراک لەبارەی کاریگەری ئەرێنی هەنگوێن و دارچین بۆ دابەزینی کێشی لەش دەڵێن: کەسانی قەڵەو تێکەڵاوێک لە هەنگوێن و دارچین بخۆن تا کێشی لەشیان دابەزێت.

خواردنی دوو جار تێکەڵاوی هەنگوێن و دارچین کاریگەری بەرچاوی هەیە بۆ دابەزینی کێشی لەشی مرۆڤ.


هەروەها ئەنجامی توێژینەوەیەکی زانستی ئاشکرای دەکات خواردنی رۆژانە نیو پارو دارچین دەبێتەهۆی دابەزینی کێشی لەش.

پێکهاتەی هەنگوێن و دارچین بەوجۆرە دروست دەکرێت: پەرداخێک ئاوی گەرم لەگەڵ کەوچکێک دارچین تێکەڵ بکەن و بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بیکوڵێنن. پاش کوڵاندنی دارچین چەند ساتێک چاوەروان بن تا ئاوەکە سارد بێتەوەو پاش سارد بوونی ئاو و دارچینی کوڵیاو، 2 کەوچک هەنگوێنی تێکەڵ بکەن.

نیوەی پەرداخەکە بەیانی بیخۆن و نیوەیتریشی پێش خەوتن بخۆن. ماوەی یەک مانگ بەردەوام ئەو کارە ئەنجام بدەن. دوای یەک مانگ ئەنجامی ئەرێنی خواردنی هەنگوێن و دارچین دەبینن.

شایانی باسە تەنیا ئەم کارە ناتوانێت کێشی لەش دابەزێنێت بەڵکو دەبێ لە بەرنامەی خۆراکی رۆژانە خۆراکە چەور و پرۆتوينيەکانی وەک گۆشت لاببەن.

## گەڵای " ئیسپیناخ" سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین و مادده کانزاییەکان



ڕێبوار حەمەلاو .. بە ووتەی توێژەران ، گەڵای ئیسپیناخ ، دەوڵەمەندە بە ڤیتامینەکانی B3 ,A,C، و هەروەها ماددەی کانزایی وەک ئاسن ، پتاسیۆم .کە بۆ دابەزاندنی تای لەش و هەوکردنی ریخۆڵەی بچووک زۆر سوودمەندە. هەروەها رۆڵێکی گرنگی لە دابەزاندنی کێشی لەش و نەهێشتنی قەبزیدا هەیە.

بە ووتەی زانایان ، سەوزەی " ئیسپیناخ" بە بووکی سەوزەکان ناسراوە و گەدە خاوێن دەکاتەوە.بە هۆی بوونی ماددەی مینزیۆم لە ناو ئەو رووەکە دا یارمەتی دابەزاندنی پاڵەپەستۆی ناو خوێن دەدات و هەروەها لەشی مرۆڤ لە بەرانبەر نەخۆشییەکانی دڵ دەپارێزێت.

خواردنی " ئیسپیناخ" دژی هەوکردنی سییەکانە. بە هۆی بوونی ماددەی "ئیسپیناسین" یارمەتی هەرسهێنانی خواردن دەدات. هەروەها تونێتی ناهێڵێت.بۆ ئێش وئازاری ناو قورگ زۆر سوودمەندە.هەروەها خواردنی " ئیسپیناخ" رێگە لە تووشبوون بە شێرپەنجە دەگرێت ، بە تایبەت ئەو کەسانەی کە زۆر جگەرە دەکێشن.

هەر لە لایەکی دیکەوە خواردنی " ئیسپیناخ" دژی شێرپەنجەی پرۆستات و منداڵدان، قورگە و دەبێتە هۆی دابەزاندنی چەوری زیانبەخشی ناو خوێن. بۆ ئەو کەسانەی کە کەم خوێن زۆر سوودمەند وکاریگەرە. هەروەها دەبێتە هۆی بەهێزکردنی عەسەبەکانی مێشک. ئێسپیناخ، دەرمانی چارەسەری رۆماتیسمە .بۆ زیادکردنی ئەو دایکانەی کە شیردەرن زۆر سوودمەندە.




## سوودەکانی خواردنی حەبی "ئاسپرین"

بێستون کاکەیی .. باشترین سوودی خواردنی حەبی ئاسپرین ئەوەیە کە بەرگری دەکات لە جەڵتەی دڵ و پێویستە لەکاتی تووشبون بە جەڵتەی دڵ نەخۆشەکان حەبی ئاسپرین بخۆن.

لە نوێترین لێکۆڵینەوەی زانایانی ناوەندی دروستکردنی دەرمانی شاری میلان لە ئیتالیا ئاشکرا بووە ئەو کەسانە کە حەبی ئاسپرین دەخۆن لەبەراورد لەگەڵ کەسانیتر کەمتر تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی دەم و ددان و سی دەبن.

زانایانی ئیتالی بۆ ماوەی ٥ ساڵ لەسەر ١٧٧٩ کەس لێکۆڵینەوەیەکی زانستیان ئەنجام داوەو پاش کۆتایی تاقیکردنەوەکان، ئاشکرا بوو ئەو کەسانە کە حەبی ئاسپرین دەخۆن بە رێژەی ٧٠ % کەمتر تووشی شێرپەنجەی دەم و ددان دەبن.

دکتۆر کریستینا بوستی لەوبارەیەوە دەڵێت: ئاسپرین تایبەتمەندی و سوودی زۆری هەیە و پێمانوایە ئەو دەرمانە دەتوانێت وەک دەرمانێک بۆ بەرگریکردن لە تووشبون بە شێرپەنجە لەقەڵەمبدرێت.

ریچارد سالیوان سەرپەرشتی ئەو لێکۆڵینەوە دەڵێت: ئاسپرین یەکێک لە گرنگترین دەرمانەکانی مێژووی دروستکردنی دەرمانی جیهانە . نەک تەنیا دەرمانێکە بۆ کەمکردنی ئازارەکان بەڵکوو دەرمانێکە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ. سەرچاوە : کوردستان تی ڤی

سەرچاوە Serchawe



# وتەی زانایان



## چەند وتەی زانایان لەبارەی خۆشەویستی



سیمون دی رافۆ: خۆشەویستی تاقیکردنەوەیەکی راستەقینەیە بێجگە لە عاشقەکان هیچ کەس تێی ناگەن

خۆشەویستی پادشایە هەر بۆیەش لەسەروی یاساوەیە

خۆشەویستی وەک جەنگ وایە ئاسانە هەڵگیرساندنی.....بەڵام دامرکاندنەوەی ئەستەمە

خۆشەویستی تاکە یارییە کە دووان تیایا بەشدار دەبن یان بەیەکەوە ئەیبەنەوە یان بەیەکەوە ئەیدۆڕێنن

خۆشویستی بەشێکە لە بوونی پیاو........بەڵام هەموو بوونی ژنە

بیرون : پیاو هەوڵ ئەیات خۆشەویستی بکات تا دڵخۆش بێت......بەڵام ژن هەوڵئەیات تا لە خۆشەویستییەکەیدا دڵخۆش بێت

جان جاک روسو : خۆشەویستی دەستپێدەکات بە ووتەیەک.......بەڵام هەگیز بە ووتەیەک کۆتایی نایەت




خۆشەویستی عاشقان ناکوژێت بەڵام تەنها وایان لێئەکات بژین لە نێوان مردن و ژیاندا

ئەوەی خۆشەویستی بکات یان باوەر بە هەموو شتێک ئەکات یان باوەر بە هیچ شتێک ناکات

گەنجان هیواخوازی خۆشەویستی، پاشان پارە، پاشان تەندروستین بەڵام رۆژێک دێت هیواخوازی تەندروستی پاشان پارە پاشان خۆشەویستی دەبن

جیرادی : کارەساتی خۆشەویستی ئەوەیە کە پیاو هەوڵ ئەیا یەکەم کەس بێت بچێتە دڵی ژنێکەوە .....................

بەڵام ژن ئەیەوێت کۆتا کەس بێت کە بچێتە دڵی پیاوەوە ...............

ئامادەکردنی شاندین





# پەندی پێشینیان





خۆی لەبۆ ڕاوچی دەکووژێ تاژی
تا کەرێ نەبێ، عاقڵێ ناژی

هەڵە چاوپۆشی لێ دەکرێ، بەڵام
جارێک و دوو جار، نەکو بەردەوام

منەت لەم و لەو مەکێشە دەمچەوت!
پوڵ بدە و مەلا دەرکە لە مزگەوت!

گێرە چۆن دەکرێ بە بزن، هەژار؟
گاجووتی دەوێ و پیاوی کۆنەکار

پرس و ڕات نەبێ، ئیشت لە پاشە
سەری بێدەلاک نەتاشی باشە

کێ باسی خەڵکی کرد بەلاتەوە
بۆ ئەوان قسەی تۆش ئەباتەوە!

قەت مەڵێ بوومان، بێژە هەمانە!
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە

قەل ئەڵێن لاسای کەوی کردەوە
ڕۆینەکەی خۆیشی لەبیر بردەوە

خۆشباوەڕ نەبی بەو حەددە چاکە
ئەو هەویرە ئاو زۆر دەبا کاکە!

بەس لەمە زیاتر خۆت گێل و کەڕ کە!
ئەو ماستە بێ موو نییە، باوەڕکە!

ئەوەی لە پووشێک نەکۆڵێتەوە
لۆدە کای بەرن، ناپرسێتەوە

سوور نەبی لەسەر وەعدە و بەڵێنی
گەنجی دونیات بێ، پووشێک ناهێنی



دیلان

سەرچاوە
Serchawe




گۆڤاری یەکبوون، گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆیە، بۆخزمەت بە بواری راگەیاندن و وشەی کوردی کار دەکا بۆ دەوڵەمەند و بە پیز کردنی رەخنە، پیشنیار و بابەتی بۆ رەوانە بکەن.

ئادرەسی پێوەندی: g.yekbun@hotmail.com

ئامادە کردن و پێشکەش کردنی : رەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe